# بنەما و ڕەگەزەكانی فەرهەنگی قوتابخانەیی

پ.ی.د.شهاب طيب طاهر
**كۆلێژی پەروەردە – زانكۆی ڕاپەڕین**

ملخص البحث باللغة العربية:

البحث بعنوان (مباديء و عناصر المعجم المدرسي) خصص لان تبحث في مكونات والمناهج والعناصر التي تساعد في الصناعة المعجمية المدرسية، وخاصة في اللغة الكوردية، التي نادرا نجد بحثا او دراسة في هذا المجال. وان وجد معجما فانه يخصص لجميع التلاميذ والطلاب، وهذا بحد ذاته يعتبر من الامور الغير مسلم بيها، لانه من غير المنطقي ان يخصص معجم مدرسي لجميع المراحل التعليمية، ويستفاد منه جميع الطلبة في ان واحد. ومن هنا تظهر اهمية مناهج وضع الكتب المدرسية التي تراعي حاجة التلميذ اللغوية، ومستواه العقلي والنفسي والعلمي والاجتماعي.

وتظهراهمية وضع المعجم المدرسي وفق الشروط العلمية، والتربوية، لانه اذا كان يشترط في الكتب المدرسية ( القراءة والنصوص) ان تزود التلميذ – حسب مستواه التعليمي – ببعض الكلمات الجديدة ذات المواصفات الخاصة من حيث اللفظ والمعنى، فعلى المعجم المدرسي ان يلبي حاجات التلميذ الى فهم هذه الكلمات، بعد ان يكون درب على استعمال المعجم وعرف اهميته وبالتالي فيحافظ عليه.

هذا البحث يهتم بالمعجم المدرسي كونه وسيلة من الوسائل التعليمية التثقيفية، التي تسهم في تكوين الطفل وتنمية رصيده اللغوي، وتعليمه، وله علاقة بميدانين من ميادين الدراسة اللغوية التطبيقية، الاولى (تعليمية اللغة) والثانية (صناعة المعجم). لهذا قسمنا البحث الى فصلين من عدا المقدمة والنتائج وقائمة المصادر وملخص البحث باللغتين العربية والانجليزية:

الفصل الاول: خصص للمباديء و مكونات المعجم المدرسي.

الفصل الثاني: خصص للعناصر الاساسية في المعجم المدرسي.

**٠-١- پێشەكی:**

**فەرهەنگ، لەلای هەموو نەتەوەیەك پێگەیەكی تایبەتی و گرنگی هەیە، كە ئەبێتە هۆی پاراستنی زمان و كەلتوورەكەی. گومانی تێدانییە فەرهەنگی زمان لە لای كورد، یان هەر نەتەوەیەكی تر، سەرچاوەیەكە خوێنەر و مامۆستا و ڕۆشنبیر و زانا و فێركار و...هتد، سوودی لێ وەرئەگرن ، بەتایبەتی ئەگەربێت و وشەیەك واتاكەی لێڵ بێت، یان ئەگەر بمانەوێت زانیاری جۆراوجۆری لێوەفێربین و دەست بكەوێت. ئەبێ ئەوەش بزانین، كە فەرهەنگ كتێبێك نییە تەنها زانیاری زمانی لە بارەی وشەكانەوە تێدابێت، بەڵكو جیهانی وشەكانە، كە بەیەكگەیاندن لە نێوان خەڵكیدا دێنێتە دی. بۆیە فەرهەنگ ڕەنگدانەوەی ڕەوشتی نەتەوەیە لە هەموو ڕوویەكەوە.**

**ئەم توێژینەوەیە بایەخ بە فەرهەنگی قوتابخانەیی ئەدات، بەوەی كە یەكێكە لە ئامرازەكانی فێركاری و بەشداری لە پێگەیشتن و تێگەیاندنی منداڵ و پەرەسەندنی كەرەسەی زمانی ئەكات، لەبەرئەوەی فەرهەنگ تایبەتمەندی و ئامانجی دیاریكراوی هەیە، بۆیە توێژینەوەكە پەیوەندی بە دوو بوار لە بوارەكانی لێكۆڵینەوەی زمانەوانی كارەكییەوە هەیە، یەكەم فێركردنی زمان، دووەم فەرهەنگسازی.**

**لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ ئەدرێت باسی خەسڵەتەكانی فەرهەنگێكی قوتابخانەی نموونەیی بكرێت لەڕووی ناوەرۆك و ڕوخسارەوە. ئایا ئەو فەرهەنگانەی تایبەتن بەو بوارە ڕەچاوی تەمەن و پێداویستییەكانی خوێندكارانیان كردووە؟ خوێندكاران بەپێی ئاستی ڕۆشنبیریان چۆن ئەڕواننە فەرهەنگ؟ جۆری ئەو هۆكارانە كامانەن كە كاریگەریی ئەكاتە سەر خوێندكار بۆ زانیاریان لە بارەی فەرهەنگەوە و چۆنێتی بەكارهێنانی؟ ئایە هۆكاری كەسییە، زانستییە، یان هەڵقووڵاوی ڕۆشنبیری دایك و باوكانە، یان فێركاری پەروەردەییە؟ ئەو هۆكارانە چین كە دەبێتە بەربەست لەوەی كە خوێندكار سوود لە فەرهەنگ وەرنەگرێت و نەزانێت فەرهەنگ چییە و نەیناسێتەوە؟**

**٠-٢- ناونیشانی توێژینەوەکە**:بەناونیشانی (**بنەما و ڕەگەزەکانی فەرهەنگی قوتابخانەیی**)یە، بواری توێژینەوەکە دەچێتە خانەی لێکۆڵینەوەی زانناسیی فەرهەنگی. کە لە فەرهەنگی تایبەتی قوتابخانەیی ئەکۆڵێتەوە.

**٠-٣- گرنگی توێژینەوەکە**: جەختە ئەکاتە سەر ئەو بنەما و ڕەگەزانەی، کە گرنگن بۆ دانانی فەرهەنگێکی تایبەت بە بواری پەروەردە، هەر لە دایەنگەوە تا ئاستەکانی دواناوەندی. هەروەها ئەبێتە ڕێ پیشەندەرێك بۆ ئەو کەسانەی یان ئەو دەزگایانەی ئەیانەوێت بە شێوەیەکی زانستیانە فەرهەنگێکی لەو جۆرە دابنێن.

**٠-٤- هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە**: نەبوونی نووسین و لێکۆڵینەوە لەو بوارە و پشتگوێخستن و فەرامۆشکردنی نووسەران و زمانەوان و دەزگا ئەکادیمی و لایەنەکانی تری پەیوەندیدار و ئاوڕنەدانەوەیان لە دانانی فەرهەنگێکی لەو جۆرە، خۆ ئەگەر هەندێ کاریش کرابێ، ئەوە نەیانتوانیوە بە شێوەیەکی زانستیانە ئەو کەلێنە پڕبکەنەوە.

**٠-٥- سنووری توێژینەوەکە**: بە شێوەیەکی تیۆری باسی مەرج و تایبەتمەندی و دانانی فەرهەنگێکی قوتابخانەیی ئەکات، کە ببێتە بنەمایەك بۆ دانانی فەرهەنگێکی پلەبەندی بۆ هەموو قۆناغە جیاجیاکانی خوێندن.

**٠-٦- ڕێبازی توێژینەوەکە** :لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی وەسفی پەیڕکراوە و جارجاریش بەپێی پێویستێتی بابەتەکانی و بۆ نموونە هێنانەوە، پەنا براوەتە بەر زمان و فەرهەنگی کوردی.

**٠-٧- ناوەرۆکی توێژینەوەکە**: بەپێی پێویستێتی کارەکە، توێژینەوەکەمان کردۆتە دوو بەشەوە:

<u>بەشی یەکەم</u>: تەرخانکراوە بۆ مەرج و تایبەتمەندییەکانی فەرهەنگی قوتابخانەیی.

<u>بەشی دووەم</u>: تەرخانکراوە بۆ ڕەگەزە گرنگ و سەرەکییەکانی دانانی فەرهەنگی قوتابخانەیی

لە کۆتاییشدا جگە لە ئەنجام و سەرچاوەکان، کورتەیەکی توێژینەوکە بەهەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو.

**بەشی یەکەم: مەرج و تایبە تمەندییەکانی فەرهەنگی قوتا بخانەیی و دانانی**

**١ -١- چەمکی فەرهەنگی قوتا بخانەیی**:

پێش ئەوەی باسی چەمکی فەرهەنگی قوتابخانەیی بکرێت، دەکرێت ئەوە بوترێت، کە دوو هۆکار لە سەدەی نۆزدەدا لە ئەوروپا یارمەتی سەرهەڵدانی فەرهەنگی قوتابخانەیان دا، <u>یەکەمیان</u> بڵاوبوونەوەی فێرکردن و <u>دووەمیان</u> سەرەتای دەرکەوتنی ئاراستە زمانەوانییە نوێیەکان بوو، کە تێڕوانینی فەرهەنگسازانیان بەرانبەر جۆری ئەو زمانەی کە پێویستە لە فەرهەنگی قوتابخانەکاندا هەبێت دەرخست.(الطاهر میلة:٢٠١٠: ١٤).

ئەکرێت چەمکی فەرهەنگی قوتابخانەیی بە جیاوازیکردنی لەگەڵ فەرهەنگی گشتی پێناسەبکرێت. فەرهەنگی گشتی مەبەست لەو کتێبەیە، فێرکار بەکاری ئەهێنێت، بۆ ڕونکردنەوە و دیاریکردنی واتای زمانیی وشەکان، کە دەروازەکانی بەڕێکوپێکی ڕیزکراون و بە زانیاری جۆراوجۆر دەوڵەمەندکراون، واتە فەرهەنگی گشتی ژمارەیەك یەکەی فەرهەنگی گریمانەیی بەکارهاتووە. کەچی فەرهەنگی قوتابخانەیی ژمارەیەکی دەروازەی زمانیی و یەکەی فەرهەنگی بەکارهاتووە لە کتێبی قوتابخانەکاندا، و لەهەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی خوێندندا.(**عصام الدین ابوزلال:٢٠١٦: ١٠٧**).

فەرهەنگی قوتابخانەیی لە ناوەیەکدا دیارە، کە پێکهاتووە لە وشەی (**فەرهەنگ**) و (**قوتابخانە**)، واتا فەرهەنگێك تایبەت ئەکرێت بۆ توێژی خوێندکاران، لە قۆناغە جیاوازەکانی خوێندن، باشتریش وایە بۆ هەر قۆناغێك فەرهەنگێکی تایبەتی دابنرێت، نەك فەرهەنگێك گشتگیر بکرێت بۆ هەموو خوێندکاران. (فەرهەنگی قوتابخانەیی جیاوازە لە کتێبی قوتابخانەکان لە ڕووی فۆرم و قەبارە و بابەتەکانی ناوی، نەك لەبەرئەوەی وشە و زاراوەی ناو پرۆگرامەکانی خوێندن و ناو دەقەکانی لەخۆگرتووە، بەڵکو لەبەر سروشتە زانیاری و زانستییەکەی و ئەو پێگە گرنگەی هەیەتی...ئەرکەکەشی تەنها ئەوە نییە واتای وشەکان ڕوون بکاتەوە و لە خاڵێکدا بوەستێ، بەڵکو لەپاڵ ئەوەشدا دەروازەکان بە زانیاری زمانیی دەوڵەمەند ئەکات). (**بڕوانە :عبدالغنی ابو العزم:٢٠١٠: ٣٩**).

کەواتە ئەو چەمکە لە ڕووی واتاوە زۆر لێڵ نییە و ئەوە ئەگەیێنێ کە (فەرهەنگی قوتابخانەیی) مەبەست لێی دانانی فەرهەنگێکە کە تایبەت کرابێت بۆ قوتابخانە جا چ بۆ (دایەنگە، باخچەی ساوایان، سەرەتایی، بنەڕەتی، ناوەندی، دواناوەندی....هتد)بێت، لەپێناو ڕوونکردنەوەی ئەو وشە لێڵانەی کە لەناو پەرتووکی خوێندنکەدا هەیە، تا ڕوونبکرێتەوە و لێیتێبگەی.

فەرهەنگی قوتابخانەییش هۆکارێکە لە هۆکارە پەروەردەیی و فێرکارییەکان، کە خوێندکار لە خوێندن و کاری لێکۆڵینەوەکانیدا پێویستی پێی ئەبێت و بەشداری لە سەرکەوتنی پرۆسەی فێرکاریدا ئەکات. فەرهەنگی قوتابخانەییش یان تاک زمانی ئەبێت یان دوو زمانی ئەبێت:

**١-١-١- فەرهەنگە تاک زمانییەکان:**

فەرهەنگی تاک زمان یا بۆ خوێندکارەکانی خاوەن هەمان زمان، یا بۆ ئەو کەسەی کە بە زمانێکی تری جیاواز لەو زمانی فەرهەنگەکەی پێ نووسراوەتەوە، دائەنرێت. ئەم دوو جۆرەش لە هەندێ ڕووەوە جیاوازیان هەیە، بە هەڵبـژاردن و دەروازەی گونجاو و ئاسانی زمانی شرۆڤەکردن و هێنانەوەی نموونەیەکی زۆری ڕوونکراوەیی و دەربرین و پێدانی هەندێ زانیاری بۆ بیانییەکان و بایەخدان بە شێواز و ڕێگاکانی نووسین...هتد.(**بڕوانە: احمد مختار عمر: ١٩٩٨: ٦٠-٦١**). یا دەکرێت بوترێت فەرهەنگی یەک زمانی، فەرهەنگێکی ڕونکەرەوە و بەکارهێنراوی گشتییە، جۆرێکە لە کارە سەرچاوەییەکان، وشەی یەک زمانی تێدایە، لە ڕێگەی هەمان زمانەوە، ڕوونکردنەوە لەسەر وشەکان دەکرێت. (علي حمد عثمان:٢٠١٦: ٣٦). ئەم جۆرە فەرهەنگەش لە ڕێی پێکهاتەی درشت و چەندێتییەوە: دەروازەی فەرهەنگیان بە سەرەوشە و بەرەوشە دەوڵەمەند ئەکرێت، هەروەها لەڕێی پێکهاتەی ورد و چۆنیەتیشەوە: فراوانکردنی دەروازەکان بەڕێگەی ڕوونکردنەوە و نموونەی شیاوەوە. (**هەمان سەرچاوە:٣٧**). فەرهەنگی (خاڵ) و (کوردستان) (قامووسی زمانی کوردی) لە کوردیدا نموونەی ئەم جۆرە فەرهەنگەن.

**١-١-٢- فەرهەنگی جووتە زمان یان زیاتر:**

ئەو جۆرە فەرهەنگە وشەکە دائەنێ و بەرانبەرەکەی بە زمانێکی تر ئەنووسێتەوە و زۆربەشیان لە ڕستەدا شی دەکاتەوە، بۆئەوەی خوێندکار بزانێت چۆن بەکاری ئەهێنێ و لێیتێبگات، چونکە هەر زمانێك تایبەتمەندیی خۆی هەیە و شێوازی بەکارهێنانی و پێکهاتەی خۆی هەیە کە جیاوازە لە زمانەکانی تر. فەرهەنگی دووزمانی یا فرەزمان ئەوەیە کە بە دوو زمان یان زیاتر بنووسرێتەوە و دابنرێت، لە زمانی کوردیدا فەرهەنگی دووزمانی تایبەت بە قوتابخانەکان (فەرهەنگی قوتابی)یە، کە فەرهەنگێکی (کوردی – عەرەبی)ی و (فەرهەنگی قوتابی) کە فەرهەنگێکی (ئینگلیزی – کوردی)یە[1]. فەرهەنگی فرەزمانی تایبەت بە قوتابخانەکان (فەرهەنگی تریفە)یە، کە فەرهەنگێکی سێ زمانی (کوردی– عەرەبی – ئینگلیزی)یە[2]. ئەم جۆرە فەرهەنگانە لە بوارەکانی وەرگێڕانیشدا سوودی لێ ئەبینرێت.

فەرهەنگی قوتابخانەیی کورتکراوەی فەرهەنگی گەورەکان نییە، بەڵکو فەرهەنگێکە بە ڕێگەیەکی تایبەتی ڕێکخراوە و خاوەنی خەسڵەتی تایبەتییە، هەر نووسەرێك بۆ قۆناغێکی دیاریکراو بنووسێت، پێویستە ڕەچاوی

---

[1] - **بڕوانە:**

– **بڕوانە: لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە، فەرهەنگی قوتابی(کوردی – عەرەبی)، چاپی یەکەم، چاپخانەی (الوفاق)، بەغدا، ٢٠٠١. (١٦٥لاپەڕەیە).**

– **لیژنەکانی وەزارەتی پەروەردە، فەرهەنگی قوتابی(ئینگلیزی – کوردی)، چاپی یەکەم، چاپخانەی (دار افاق عربیە)، بەغدا، ١٩٨٥. (نزیکەی ٢٨٠ لاپەڕەیە).**

[2] – **بڕوانە: حسێن یارە احمد و عوسمان علی محمود و سالم محمد علی و یوسف شمعون داود، فەرهەنگی تریفە (کوردی – عەرەبی – ئینگلیزی)، چاپی یەکەم، چاپخانەی (العربیە)، لبنان – بیروت، ٢٠٠٨.**

تايبەتمەندی ئەو قۆناغە بكات، لە بەكارهێنانی زمان و ئەو زانیارییانەی كە بۆ وشەكان بەكاری دێنیْ و توانستی خوێندكار و ئەو بابەت و وانانەی كە ئەیخوێنن و پێدانی ئەو زاراوانەی كە پێویستییان پێی هەیە ڕەچاوبكات. (**احمد العايد: ١٩٨٣: ١٠٣**).

فەرهەنگی مندالاّن ژمارەی دەروازەكانی دیاریكراوە، زمانی شیكردنەوەی ئاسانە، بە ئاسانی ئەتوانی واتاكە لە بیری فێركاردا نزیك بكاتەوە- پێچەوانەی فەرهەنگی گەورەكان- هەروەها پەنا ئەباتە بەر وێنە، ئەو وشانەی كە ئاراستەی منداڵیش ئەكرێت ئەبێت سروشتی و سادەبێت، و پلەبەپلە پەرەبسێنیْ.((**عبدالغنی ابو العزم**:١٩٩٧: ٤٥ ).

فەرهەنگی قوتابخانەیی زۆربەی كات لە ڕوخسارێكی فەرهەنگی سەر كاغەز چاپ ئەكرێت، هەندیْ جاریش ئەلیكترۆنییە لەسەر (C.D) و (D.V.D) تۆمارئەكرێت. فەرهەنگی ئەلیكترۆنی لە زمانی كوردیدا نییە، ئەگەر هەبێتیش ئەوا زۆر كەمە، كەچی لە زمانەكانی تردا بە ڕێژەیەكی زۆر هەیە، نموونەیەكیش لەوە( Lerobert Junior cdron ).(**هەمان سەرچاوە: ٢١٩**).

**١-٢- كێشەكانی فەرهەنگی قوتابخانەیی:**

هەر كەسێك بڕوانێتە گۆڕەپانی فەرهەنگسازی، بە تایبەتی بواری فەرهەنگسازی كوردی، ژمارەیەكی زۆر كەمی فەرهەنگی هەیە، كە خزمەت بە خوێنەر بكات، بە تایبەتی ئەگەر بڕوانێتە بواری خوێندنی پەروەردە، كە ئەبێت بۆ هەر قۆناغێك و ئاستی زانستی فەرهەنگێك هەبێت. ئەوەش دەربڕین لەوە ئەكات، كە كێشەیەكی گەورەمان لە دانانی فەرهەنگی قوتابخانەییدا هەیە، كە وەك كتێبێكی سەربەخۆ و دیاریكراو لە پۆل و قۆناغە جیاوازەكاندا ناخوێندرێت، بۆ نموونە لە دایەنگەكان فەرهەنگێكی تایبەت بەو بوارە تەرخان ناكرێت بۆ منداڵەكان، هەروەها لە قۆناغەكانی تریش، تەنها ئەوە نەبێت یەك فەرهەنگ لەوانەیە بدرێت بە قۆناغەكانی دواناوەندی و هەندیْ جاریش مامۆستاكان زۆر بایەخ بە بەكارهێنانی ئەو فەرهەنگە نادەن. ئەوەی ئەو كێشەیەی دروستكردووە، ئەم خالاّنەی خوارەوەیە:

١- وەرگرتنی وشە بەشێوەیەكی هەڕەمەكی لە فەرهەنگەكانی تردا.(كۆن و نویْ)كان.

٢- سەربەخۆنەبوونی فەرهەنگی قوتابخانەیی و جیانەكردنەوەی لە فەرهەنگە كەلتوورییەكانی تردا.( **جورج عیسی**:٢٠٠٥: ١٧٦).

٣- كەرەسە و بابەت و پێداویستییەكانی خوێندكاران بەتەواوی ناهێنێتە دی.

٤- نەبەستراوەتەوە بە بەرنامە و پرۆگرامەكانی خوێندنەوە. ( www.vitaminedz.org)

٥- پابەندنەبوونی بە بنەما و مەرجەكانی دروستكردنی كاری فەرهەنگسازیدا.

٦- بۆ دیاریكردنی هاوواتا و دژواتای وشەكان و وشەكانی ناو دەقەكە پشت بە فەرهەنگی گشتی ئەبەستن.

٧- زۆربەی فەرهەنگە قوتابخانەییەكان دیاریكردنی كاری مۆرفۆلۆژی و فۆنەتیكی و سینتاكسی و واتاسازی وشەكان پشتگویْ ئەخات.

٨- دووركەوتنەوەی فەرهەنگ لە نێوان زمانی گشتی و زمانی تایبەتی، واتە زمانی پەتی و گشتی، ئەویش لەبەر زۆری كێڵگەی فێركاری و زانیارییەكانە لە هەمان ئاستدا.

٩- تەنها بایەخ بە شرۆڤەكردنی زاراوە و وشەكان ئەدات، و زانیاری تەواو لەبارەیانەوە نادات.

١٠- ناتوانێت بەشێوەیەكی سەرەكی لەفێركردنی زمان لەلای فێركار بەشداربێت.

١١-فەرهەنگێكی قوتابخانەیی نییە سەربەخۆبێت لە كتێبی قوتابخانەكاندا، كە لە كاتی هەر كێشەیەكی زماندا بگەڕێتەوە بۆی و زانیاری لەبارەیەوە وەربگری.

١٢- فەرهەنگی قوتابخانەییەكان نەیانتوانیوە ئەنجامی بیردۆزەكان و لێكۆڵینەوە زمانەوانییەكان و بیردۆزەكانی بەیەكگەیاندن تەرخانبكەن بۆ دەروازەی فەرهەنگەكانیان و بەكاریبێنن.

١٣– نەبوونی کاری فەرهەنگسازی قوتابخانەیی لە داهێنانی یان دانانی فەرهەنگی قوتابخانەییدا، هەروەها نەبوونی هوشیارییەکی تەواو لە دیاریکردنی ناوەڕۆکی فەرهەنگی قوتابخانەییدا.(د.**عصام ابوزلال**: ٢٠١٦: ١٠٩-١١٠).

**١-٣- پۆلێنکردنی فەرهەنگە قوتابخانەییەکان:**

فەرهەنگەکان بەپێی ئامانج و ڕێبازەکانیان و بەپێی بابەتەکانیان، چ گشتی بێت، یان تایبەتی، پۆلێن ئەکرێن، یەکێ لەو پۆلێنکردنانەش بریتییە لە پۆلێنکردن بە پێی:

**١- ئامانج:**

مەبەست لەو فەرهەنگەیە، کە بەپێی پێویستی خوێندکار پۆلێن ئەکرێت، یان دائەنرێت، بۆ نموونە وەك فەرهەنگی (قوتابی) کە ئەدرا بە خوێندکارانی ئامادەیی. ئەمیش ئەکرێت بەسێ بەشەوە: ( فەرهەنگی وشە) و (واتای واتاکان) و (فەرهەنگی بونیادگەری).

**٢-بابەتەکان:**

فەرهەنگێکە بەپێی بابەتەکان دائەنرێ و بەپێی ڕیزبوونیان، جیاوازیان لەگەڵ یەکتری هەیە، چەندین ڕێگەی هەیە بۆ ڕیزکردنی بابەتەکان، ڕیزکردنی دەرەکی و ناوەکی.

**٣- فەرهەنگی تایبەتی( پسپۆری ):**

فەرهەنگێکە تایبەت ئەکرێت بە بوارێك، پاشان هەر وشەیەك لە وشەکانی بەپێی پسپۆرێتی ئەو بوارە شرۆڤە ئەکرێت، وەك فەرهەنگی (کشتوکاڵ) کە تایبەتە بە زاراوە و وشەکانی بواری کشتوکاڵی.

**٤-زمان و جۆرەکانییەوە:**

ئەمیش ئەبێتە دوو جۆرەوە: فەرهەنگی تاك زمان و فەرهەنگی فرەزمان.(**بڕوانە**: www.wikpiedia.org )

فەرهەنگی تاك زمان، وەك فەرهەنگی قامووسی زمانی کوردی (کوردی–کوردی) مامۆستا زەبیحی و فەرهەنگی فرەزمان، وەك فەرهەنگی مەردوخ (کوردی – فارسی– عەرەبی)ی موحەمەد مەردوخ کوردستانی و فەرهەنگی قانوونی (عەرەبی – کوردی –فەرەنسی – ئینگلیزی)ی نووری تاڵەبانی و فەرهەنگی کۆڵکە زێرینە (کوردی – فارسی – عەرەبی – فەرەنسی– ئینگلیزی)ی گیو موکریانی و فەرهەنگی وشەکان (ئینگلیزی – عەرەبی – فارسی – تورکی – ئەرمەنی – کوردی – سیریك)ی Naval Staff.

فەرهەنگە قوتابخانەییەکان بەشێوەیەکی سەرەکی ئەکرێنە دوو پۆلەوە:

**١-٣-١-بە پێی قۆناغی تەمەنیان:**

مەبەست لەوەیە لە کاتی دانانی فەرهەنگ ئەبێ ڕەچاوی تەمەنیان بکرێت و پێداویستییەکانی ئەو تەمەنە ڕەچاوبکرێت، بەشێوەیەك کە لەگەڵ گەشەکردنی زمانەکەیدا گونجاوبێت، لەبەرئەوەی منداڵ گەشە ئەکات، لەگەڵ ئەو گەشەکردنەش توانستی ئاوەز و بیری گەشە ئەکات، هەروەها (توانستی فێربوونی و پێداویستی بۆ دەربڕین و توانستی لە لێکۆڵینەوە و بەردەوامی و پشکنینیشی پەرەدەسێنێ).( **احمد محمد المعتوق**:١٩٩٦: ٢٢٥-٢٢٦ ) ، هەروەها لە دانانی ئەو جۆرە فەرهەنگە (پسپۆڕ و کەسانی پەروەردەیی بەپێی بەرنامەیەکی فێرکاری دیاریکراو بۆ هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی خوێندندا دابنرێن، پاشان ئەکرێت فەرهەنگێك بۆ هەر بابەتێك دابنرێت، لە پێناو ڕەوانەوەی لێڵی و ڕوونکردنەوەی زاراوە و وشەکان و تێگەیشتنیان).( **محمد التونجي**: ٢٠٠٣: ٣٢٨ ). بۆیە پێویستە فەرهەنگێکی پێشکەش بکەین کە لەگەڵ پەرەسەندنی زمان و بیر و ئاستی ڕۆشنبیری گونجاوبێت...پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، ئایە سەرەتا و کۆتایی ئەو تەمەنە چۆن دیاری بکرێت و ژمارەی ئەو وشانەی کە دائەنرێت لە فەرهەنگەکەدا چەندبێت؟

دەکرێت بە پێی تەمەنەکان ژمارەی وشەکان لە کەمەوە تا زۆر دابنرێت، لەبەرئەوەی ( بەتەواوی کەرەسەی زمانی لە لای هەر منداڵێك لەهەر قۆناغێکی تەمەنیدا نازانین چەندە، بۆیە پێویستیمان بە

لێکۆڵینەوەیەکی زۆر ورد و تێر وتەسەلی ئەو قۆناغە تەمەنیانە هەیە).( **قنديل محمد المنسي: ٢٠٠٢: ٣٢-٣٣**)، بۆ ئەوەی بکرێت بەپێی تەمەنەکان فەرهەنگی گونجاو و ئاراستەکراو دابنرێت و لەهەر قۆناغێکی تەمەنیشیان ژمارەی وشەی گونجاو لە ناو فەرهەنگەکەدا هەبێت.

لەهەندێ جێگە – فەڕەنسا بۆ نموونە– ئەو توێژە دیاری ئەکەن کە فەرهەنگەکەی ئاراستە ئەکەن، بە پێچەوانەوەی فەرهەنگەکانی زمانی کوردی کە توێژەکە دیاری ناکەن، ئایە ئەو فەرهەنگە بۆ دایەنگەیە، یان بۆ باخچەی ساوایانە، یان بۆقۆناغەکانی سەرەتاییە، یان بۆ قۆناغەکانی ناوەندییە...هتد. بۆ نموونە لە فەڕەنسا بە پێی تەمەنی خوێندکار یەکێ لە بەناوبانگترین خانەی بڵاوکردنەوەی فەڕەنسی کە خانەی (لارۆس)ە، فەرهەنگەکانی بەم پێیە دەرکردوون:

١- لارۆسی دایەنگە (Laroussedes debutants) کە (٢٠٠٠) وشەی لەخۆگرتووە، و ئاراستەی منداڵانی تەمەنی نێوان (٤) بۆ (٥) ساڵانە کراوە.

٢- لارۆسی سەرەتایی (Laroussedes debutants) کە (٦٢٠٠) وشەی تیایە و ئاراستەی منداڵانی تەمەنی نێوان (٦) بۆ (٨) ساڵان کراوە.

٣- Maxi des debutants Mevel: لە (٢٠٠٠٠) وشە پێکهاتووە و ئاراستەی منداڵانی تەمەنی نێوان (٧) و (١٠) ساڵان کراوە.

٤- Larouss Junior : هەروەها ئاراستەی منداڵانی تەمەنی نێوان (٧) بۆ (١٠) ساڵان کراوە و گونجاوە لەگەڵ بەرنامەکانی فێرکردنی قوتابخانەی سەرەتایی و نزیکەی (٢٠٠٠٠) وشە لەخۆئەگرێت، کە ناکرێت لە فێربوونی زماندا پشتی پێنەبەسترێت، هەروەها (٢٠٠٠) وێنەی هەڵبژێردراوی تێدایە و (ئەتلەس)یشی بۆ زانینی ناوی شارەکانی جیهان و (٥٠) تابلۆی ڕەنگاوڕەنگ و بابەتی جۆراوجۆری تێدایە.

٥- Super major: ئاراستەی خوێندکارانی تەمەنی نێوان (٩) بۆ (١٢) ساڵان کراوە، لە (٢٣٨٠٠) وشە پێکهاتووە.( **جورج عيسى:٢٠٠٥: ٢٢٠**).

**١-٣-٢: بە پێی ئاستی فێرکاری:**

لەم بارەدا بابەتەکانی فەرهەنگ بە شێوەیەك هەڵدەبژێردرێت، کە گونجاوبێت لەگەڵ ئاستی فێرکردنی منداڵ، کە لە ژیانی فێرکاریدا پێیدا تێدەپەڕێت، بەم شێوەیەش بۆ هەر قۆناغێکی خوێندن فەرهەنگێك دائەنرێت، ئەمەش ئەوە شی دەکاتەوە کە ئەبێ ژمارەیەکی زۆری فەرهەنگی قوتابخانەیی هەبێت، کە بەپێی پێویستی زمانی خوێندکارەکان جیاواز ئەبێت.

دانانی فەرهەنگ بەپێی ئاستی فێرکاری باشترە لە فەرهەنگێك کە بەپێی قۆناغی تەمەن دیاری کرابێت، لەبەرئەوەی خوێندکار ئەگەر لە قۆناغێکی خوێندنەوە پەڕییەوە بۆ قۆناغێکی تری خوێندن پێویستی بە فەرهەنگێکی تر ئەبێت، بێ ئەوەی ڕەچاوی تەمەنی بکرێت و تەمەنی چەندە.

لە دانانی فەرهەنگدا گرنگە بزانرێت کە بۆ کام تەمەن گونجاوە، زۆربەی ئەوانەی فەرهەنگی لەو جۆرە دادەنێن لەبەرگی فەرهەنگەکەیان لە پێشەکییەکەیدا ئەنووسن کە بۆ هەموو قۆناغەکانی خوێندن و ئاستەکانی فێرکاری گونجاوە. ناکرێت فەرهەنگسازێك فەرهەنگێك دابنێ و بۆ هەموو چین و توێژێك دەستبدات.(**بڕوانە: احمد مختار عمر: ١٩٩٨ :٩٧**). ئەو فەرهەنگە کوردییە قوتابخانەییانەی ناویان لەم توێژینەوەیەدا هاتووە، لە پێشەکی فەرهەنگەکانیاندا یا لە بەرگەکەی نووسیویانە کە بۆ هەموو قوتابییان ئەبێت و بەکاردێت.

**١-٤- قۆناغەکانی فەرهەنگی قوتابخانەیی:**

لەبەرئەوەی باسەکە دەربارەی فەرهەنگی قوتابخانەییە وەك هۆکارێکی فێرکاری پەروەردەیی، بۆیە بەپێی قۆناغەکانی فێرکردن ئەکرێت دابەش بکرێتە سەر سێ بەش:

**١-٤-١-فەرهەنگەکانی قۆناغی ئامادەکاریی:**

بریتییە لە فەرهەنگێکی بچووک، کە کۆمەڵە وشەیەکی بنەڕەتی لەخۆئەگرێت، لە زۆربەی کاتەکاندا نزیکەی (١٠٠٠) هەزار وشەیەکی تێدائەبێت، و هۆی ناونانیشی بە فەرهەنگی ئامادەکاری دەگەڕێتەوە بۆئەوەی، کە بۆ ئەو قۆناغە گونجاوە، کە ئەویش یەکێکە لە قۆناغەکانی پەروەردە و فێرکردن، هەروەها ناودەنرێت بە فەرهەنگی وێنەدار، لەبەرئەوەی پشت بە وێنە ئەبەستێ. فەرهەنگی ئەو قۆناغەش مامەڵە لەگەڵ هەستی منداڵدا ئەکات.

لەو جۆرە فەرهەنگەدا وشەکە لەتەنیشت وێنەکەدا ئەنووسرێ، هەندێ جاریش ڕستە و دەستەواژەی سادە ئەنووسرێت، وەك نموونەیەکی ڕوونکەرەوەیی.

وشە و وێنەکان لەم جۆرە فەرهەنگە ئامادەکارییەدا ڕەچاوی چوارشێوازی لێکراوە:

١- **وەسفکردن**(descriptions): نموونەی ئەمەش وەك:

- ئەندامەکانی لەش
- بازاڕی گەورە
- گواستنەوە
- لە نەخۆشخانەدا
- یاری پیشەکان

٢- **بەستنەوەی دوو بیر یان دووشت**(associations): نموونەی ئەمەش وەك:

- خواردن و خواردنەوە
- شتە تیژەکان
- ئەو شتانەی ئەفڕن
- ئەو شتانەی سەرئاو ئەکەون
- ئەو شتانەی ئەسووتێن

٣- **جووڵەکان**(actions): کردەکان بە وێنە ئەنوێنرێن، بۆئەوەی منداڵ بتوانێ دەربڕین لە جووڵەکەی بکات، نموونەی ئەمەش وەك: (ترس، مۆسیقا، وەرزش، وێنەگرتن و وێنەکردن، زەردەخەنە، پێکەنین...).

٤- **پلەبەندی کات**(chronologies): نموونەی ئەمەش وەك:

- ڕۆژ و بەشەکانی
- پاش باران کەش و هەوا خۆش ئەبێ
- بنیاتنانەوە و ژیان
- وەرزەکانی ساڵ ...(**بڕوانە: ارمیل لوبیکو مالو**:١٩٨٧: ٥٦).

فەرهەنگی ئامادەکاری یارمەتی (دەستپێکەران ئەدات لە فێربوونی زمان، بێ ئەوەی زانیاری ئەوەیان هەبێت، کە چۆن فەرهەنگ بەکاربێنن و پێناسەکانی ناوی بخوێننەوە، بۆیە بە ناچاری ناونراوە فەرهەنگ).(**بڕوانە: احمد مختار عمر**:١٩٩٨: ٤٣). ئەو فەرهەنگانە بە واتای وشە فەرهەنگی زمان نین، بەڵکو وەك شتێکی دەستپێکردنە.

**١-٤-٢- فەرهەنگەکانی قۆناغی سەرەتایی:**

منداڵ لەم قۆناغەدا، ڕۆژبەڕۆژ وشەی زیاتر فێرئەبێت و دەقی نووسراو، یان گوتراو زیاتر ئەبینێ، لەبەرئەوەی پێویستییەکانی منداڵ لەم قۆناغەدا زیادئەکا و زیاتر لە قۆناغەکانی پاش خۆی و توانستەکانی لە تێگەیشتن و وەرگرتن زیاترە لە تەمەنەکانی بچووکتر لەخۆی، بۆیە هەندێ مەرج هەیە کە ئەبێ لەو جۆرە فەرهەنگانەدا هەبێت:

١- پاشخانێکی زمانی دیاریکراو لە چوارچێوەی ئەو پێداویستییانەی کە منداڵ لەو قۆناغەدا ئەیەوێت.

٢- ئاسانکردنەوەی پێناسەکان، چونکە قورسە مامەڵە لەگەڵ پێناسە قورس و ئاڵۆزەکان بکات.

٣- ئەو زانیارییانەی پێی دەدرێت سادە و ساکاربێت.

٤- ڕەچاوی پەرەسەندنی زمانی بکرێت، کە بەندە بە پەرەسەندنی واتای وشەکان.

٥- دوورکەوتنەوە لە پێدانی زانیاری مۆرفۆلۆجی و سینتاکسی و شتی تر، چونکە منداڵ بایەخ بەو زانیاریانە نادات.

٦- هێنانەوەی نموونەی زۆر بۆ ڕوونکردنەوە و تێگەیشتنی شتەکان.

٧- نووسین لەو فەرهەنگانە ئەبێ گەورە و ڕوون و جوان بێت.(**احمد مختار عمر**:١٩٩٨ : ٤٣).

**١-٤- ٣- فەرهەنگەکانی قۆناغی ناوەندی:**

لەم قۆناغەدا پاشخانی زمانی خوێندکار پەرەی سەندووە و قۆناغێکی گرنگی ژیانی خوێندنی بڕیوە، کە قۆناغی سەرەتاییە، بۆیە ئەتوانێ کە فەرهەنگێکی تر بەکاربێنێ، چونکە مامەڵە لەگەڵ دەقی گەورەتر ئەکات، وەك دەقی ئەدەبی و نووسراوی زانستی، لەبەرئەوە پێویستی بە زاراوەی زانستی ئەبێت، بۆئەوەی لە دەربڕین و توێژینەوەکانیدا بەکاری بێنێ.

**١-٤- ٤- فەرهەنگەکانی قۆناغی دواناوەندی:**

لەم قۆناغەدا ئەبێ خوێندکار توانیبێتی لایەنەکانی زمانی بە باشی تێگەیشتبێ و بەکاری بێنێ، کە بتوانرێت فەرهەنگێکی بۆ دابنرێت گونجاوبێت لەگەڵ ئەو هونەر زانینەی خوێندوویەتی و فێری بووە، هەروەها بگاتە ئاستی بیرەکانی. ئەبێ دەروازەکانی ئەو فەرهەنگە زیاتر دەوڵەمەند بێت لە دەروازەی فەرهەنگەکانی تر*.

ئەکرێ بوترێت کە زمانی کوردی پێویستی بە فەرهەنگی قوتابخانەیی پلەبەندی هەیە، کە هەر دانەیەکی لەگەڵ تەمەنێك یا قۆناغێکی خوێندندا هەر لە دایەنگەوە تا زانکۆ گونجاوبێت و بایەخ بەلایەنی هونەری و زانیارییەکانی ناوی و دەرهێنانی بدرێت.

**١-٥- مەرجەکانی دانانی فەرهەنگی قوتابخانەیی:**

دانانی فەرهەنگ بۆ منداڵ، یان خوێندکارانی سەرەتایی و ناوەندی و...هتد. زۆر قورسترە لە دانانی فەرهەنگێك کە گشتی بێت، یان بۆ ئاستێکی گەورەتر دانرابێت، لەبەرئەوەی مەرجی تایبەتی ئەوێت، چونکە ئەبێ ڕەچاوی تەمەن و ئاست و ژمارەی دەروازە و بابەت بکەین، هەروەها ڕەچاوی گەشەسەندن و پەرەسەندنی قۆناغی دەروونی و زمان و بوارەکانی تری ئەو توێژە بکەی. (**بڕوانە: جوزیف الیاس: ٢٠٠٠: ص ب** ) و **نجیب احمد**:: ١٩٩١: ٣١).

زۆرێك وا ئەبینن، کە دانانی فەرهەنگی قوتابخانەیی ئاسانە و پێویستی بە کات و ماندووبوونێکی وا نییە، لەبەرئەوەی بۆ توێژێکی تەمەنی بچووك دائەنرێت، بەڵگەش بۆئەوە هەر کەسێك (مەرجی تێدابێت و نەبێت) ئەو جۆرە فەرهەنگە ئامادەئەکات، بۆیە ئەبێت بایەخێکی زیاتر بەوجۆرە فەرهەنگە بدرێت، یان کارکردن لەو بوارە ببێتە پێشبڕکێ لە نێوان نووسەران و دەزگاکانی چاپەمەنی، کە کامیان ئەتوانن فەرهەنگی ئەو جۆرە یان ئەو بوارە بە پێی ئاستەکان دابنێن، و ئاستەکانیش بە پێی توێژینەوەی زانستی و پراکتیکی و زمانەوانی و دەروونی دابەشبکرێت، بەڵام لە زمانێکی وەك کوردی ئەو جۆرە فەرهەنگانە بە گشتی دائەنرێت، واتە بۆ هەموو خوێندکاران تەرخان ئەکرێت، ئەمەش بۆئەوە ئەگەڕێتەوە کە بایەخێکی زمانەوانی هاوچەرخیان بەو بوارە نەداوە. هەر بۆ نموونە ئەگەر سەیری فەرهەنگی <u>(ترپفە)</u> بکەین، کە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی و

* **بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی دابەشبوونی فەرهەنگی قوتابخانەیی، بڕوانە:**

- د.عصام الدين ابوزلال، اطلالة على المعاجم والدلالة، الطبعة الاولى، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر، الاسكندرية، ٢٠١٦،ص١١٥-١١٦.

نەتەوەکانی تری وەزارەتی پەروەردەی کۆماری عێراق دەرچووە، تەرخانیان کردووە بۆ خوێندکارانی(قۆناغەکانی ئامادەیی و قۆناغەکانی دواتر) کە جەختیان لەسەر دانانی فەرهەنگێکی لەو جۆرە کردووە (بە تایبەتی فەرهەنگێکی سێ زمانی، واتە – کوردی – عەرەبی – ئینگلیزی))، کە بۆ قوتابخانەکان زۆر پێویستە، و (زیاتر لە شەش هەزار وشەی کوردی و ڕەسەنی بەخۆیەوە گرتووە لەپاڵ واتاکانیاندا بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی)یش ئاماژەی پێکراوە.( **بڕوانە : حسين ياره احمد الجاف ،** عثمان **علي محمود ، سالم محمد علي الجاف، يوسف شمعون داود السندي: ٢٠٠٨: ٣، ٤**).

**١-٦- فاکتەرەکانی دانانی فەرهەنگی قوتابخانەیی:**

**١-٦-١- ئاستی داهێنەری( فەرهەنگسازی ) و چەندێتی پسپۆرێتی لە فەرهەنگسازیدا:**

لە بنەڕەتدا کێشەی فەرهەنگی قوتابخانەیی پەیوەستە بە داهێنەرەکانیانەوە:

– ئایە ئاست و ئەزموونی هەیە، تا ببێتە دانەری فەرهەنگ؟

– ئایە پسپۆری ئەو بوارەیە؟

– ئایە زانیاری تەواویان هەیە کە بۆ کێ فەرهەنگەکە دائەنێت؟

* هەندێ توانست و مەرج هەیە، کە ئەبێت لە داهێنەردا هەبێت، بۆئەوەی یارمەتی بدات بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی کە فەرهەنگەکەی لە پێناودا دانراوە، هەروەها ئەو توانستەی هەبێت، کەوا لە خوێندکار بکات ئارەزووی بەکارهێنانی بکات.

* ئەبێت زانیاری تەواوی هەبێت کە بۆ کێ فەرهەنگەکە دائەنێت، پرسیار لەخۆی بکات بۆ کێی دائەنێم؟ ئاستی فێرکاری و ئاوەزی چەندە؟ پێویستە زمانی و ڕۆشنبیری و دەروونییەکانی چییە؟ ئەبێ وەڵامی ئەم پرسیارانە بزانێت، چونکە بەپێی ئەو وەڵامانە فەرهەنگەکانی دائەنێت.

* پێویستە ڕەچاوی تەمەن و ئاستەکانیان بکات، لە دیاریکردنی کەرەسەکانی فەرهەنگەکەدا، ئەمەش بارێکی گرنگە بۆ گشت ئەوانەی مامەڵە لەگەڵ منداڵاندا ئەکەن، چونکە ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەسەر پەرەسەندنی زمانی منداڵ کراوە، ئەوەیان ڕوونکردۆتەوە کە منداڵ بەپێی قۆناغ هەنگاوئەنێت، بۆ هەر قۆناغێکیش تایبەتمەندی جیاوازی خۆی هەیە. هەروەها فەرهەنگی زمانی منداڵ لەو قۆناغانەدا جیاوازە لە قۆناغەکانی تردا. (**بڕوانە : ليلى كرم الدين : ٢٠٠٢ : ٦٨** ).

* داهێنەر ئەبێ بزانێ، کە خوێندکار خاوەنی قۆناغی تەمەنی و فێرکاری جیاوازە، بۆیە ئەبێ فەرهەنگی جۆراوجۆری بۆ دابنرێت، چونکە پێویستییەکانی خوێندکارانی سەرەتایی وەك پێویستیەکانی قۆناغەکانی تر نییە، یان ئاستی تێگەیشتنی و وەرگرتنی و درکپێکردنی لەوانەی تر جیاوازترە.

* داهێنەر ئەبێ ئەوە بزانێ، کە شارەزابێ لە تایبەتمەندییەکانی پەرەسەندنی منداڵ(خوێندکار) لەو قۆناغەی کە فەرهەنگی بۆ دائەنێت.

* پێویستە خاوەنی زانیارییەکی باش بێت لە بواری فەرهەنگسازیدا و ئاگای لە هەموو ئەو پۆلێن و جۆری فەرهەنگەکان بێت و ئاگای لە لایەنی باش و خەراپی دانانیان هەبێت.

* ڕۆشنبیرییەکی فراوان و جۆراوجۆری هەبێت. (**بڕوانە : احمد مختار عمر : ١٩٩٨ : ١٩٣**).

هەموو ئەم مەرجانە لەوانەیە لەیەك کەسدا کۆنەبێتەوە، بۆیە گرنگە، یان وا باشترە کە دانانی فەرهەنگی قوتابخانەیی بە هاوکاری و بە کۆمەڵ بکرێت لە نێوان ژمارەیەکی زۆر لە پسپۆران بۆ زیاتر سوود گەیاندن، لەبەرئەوە هەوڵی تاکەکەس هیچ کاتێك ئەو سوودە ناگەیێنێ، وەك ئەوەی کە لە کاری هەرەوەزی و بە کۆمەڵ ئەکرێت.

**١-٦- ٢- هەبوونی سەرچاوەی جۆراوجۆر کە یارمەتی فەرهەنگساز ئەدات بۆ بابەتەکە:**

ناوەرۆکی فەرهەنگ بەو بابەتەی یا ئەو کەرەسەیەی هەڵبژێردرا بۆی پێوانە ئەکرێت، مەرجیشە لەگەڵ ئاستی خوێندکاران گونجاوبێت، ئەو کارەش پشت بە کۆمەڵێك سەرچاوەی جۆراوجۆر ئەبەستێت، کە یارمەتی ئەدات ئەو بابەتەی پێ بێنێتە ئەنجام.

**١-٦- ٣- دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و دەرهێنانی بە چاپێکی جوان:**

هەر سەرچاوەیەك لەهەر بوارێك بێت و هەر جۆرێك بێت، پێویستی بە پارە هەیە، هەرچەندێك پارەی زۆری بۆ تەرخان بکرێت چاپەکەشی باشتر ئەبێت، پاشان ئەو کتێب و نووسراوانەی ئاراستەی منداڵ و خوێندکاران ئەکرێت، بەهەموو ئاستەکانیانەوە پێویستی بە خەرجی و پارەی زۆر هەیە، فەرهەنگی قوتابخانەییش یەکێکە لەو سەرچاوانەی کە ئاراستەیان ئەکرێت، بۆیە یەکەم کێشە کە بەرۆکی دانەرەکەی ئەگرێ ئەوەیە، کە چۆن پرۆسەکەی تەواو بکا و چەند پارەی لێ خەرج بکات. گومانیشی تێدانییە ئەو فەرهەنگەی پارەی زۆری لێ خەرج بکرێت نرخەکەشی گرانتر ئەبێ، ئەمەش ئەبێتە هۆی ئەوەی زۆرینەی خەڵك نەیکڕن.

**١-٧- هەنگاوەکانی دانانی فەرهەنگی قوتابخانەیی:**

هەنگاوەکانی دانانی ئەمانەی خوارەوە لەخۆئەگرێت:

**١-٧-١ پرۆسەکانی پێش دەستپێکردن:**

**١-٧-١-١- تێڕامانێك بۆ چۆنێتی کارکردن.**

پێش ئەوەی دەست بە کۆکردنەوەی سەرچاوە و کارکردن بکەی لە دانانی فەرهەنگەکەدا، دانەری فەرهەنگ ئەبێ تێڕامانی ئەوە بکا، کە ئایا ئامانجی لەو کارە چییە و بۆ کێ دای ئەنێت و سوود و ئەرکی ئەو کارەی چییە؟ یان ئەبێ لەخۆی بپرسێ خوێنەری فەرهەنگەکە سوودی چی پێ ئەگات و چ ڕێگایەك بەکاربێنێ بۆئەوەی کارەکەی لە لا خۆشەویست بێ، لەڕێی ئەم خاڵانەی خوارەوە:

- جۆری ئەو زانیاریانەی کە پێشکەشی ئەکات و ئەو ئەرکانەی کە ئەبێ جێبەجێ بکرێت.
- ئاستی بەکارهێنەری و ئاستی فێرکاری یان تەمەنی یان هەردووکیان.
- ئامانج لە فەرهەنگ.(**احمد مختار عمر**:١٩٩٨: ٦٦).

**١-٧-١- ٢- چەندێتی خەرجکردن و دەستەبەرکردنی دارایی:**

لە پرۆسەی دانانی فەرهەنگ ئەبێ تاڕادەیەك ئەژماری پارەی تێچووی بۆبکرێت و پارەشی بۆ دابین بکرێت، چونکە هەر کارێك بۆ دانانی کتێب یان فەرهەنگ پێویستی بە پارە ئەبێت، بۆ ئەوەی چاپ بکرێت و بکەوێتە بەردەستی خوێنەران، هەندێکیش بە تێڕامانێکی بازرگانی تێی ئەڕوانێ و چەند قازانج ئەکا، کە ئەمەش ئەبێتە ئەوەی ئەو فەرهەنگە زوو دەربچێت و هەڵە و نەنگی تێ بکەوێ و ئاستی زانستییەکەی نزم ببێتەوە.(**هەمان سەرچاوە**: ٦٨). بۆیە دامودەزگاکان ئەبێ هەوڵبدەن بە یارمەتی کۆمەڵێك توێژەر و لێکۆڵەری ئەکادیمی و پسپۆرانی جیاواز، کار لەو جۆرە فەرهەنگانە بکەن، و گوێ نەدەن بەوەی کە چەند کاتی ئەوێ، گرنگ ئەوەیە کە کارێکی باش و زانستییانەبێت.

**١-٧-١- ٣- پلانێکی کاتی یا پێشینە:**

دانەری فەرهەنگ لە مێشکی خۆیدا ئەبێ پلانێکی پێشینە دابنێ، ئەو کاتەش ئەخەمڵێنێ کە فەرهەنگەکەی پێ تەواو ئەکا، ئەگەر بە ڕێژەی (٣٠٪)یش بێت.

**١-٧-١-٤- ئامادەکردنی تیپی کارەکە:**

ئەو تیپە ئامادە ئەکرێ و هەر یەکێك لەوانە باشتروایە پسپۆری جیاوازیان هەبێت لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا.

**١-٧-٢-کۆکردنەوەی بابەتەکە و دیاریکردنی سەرچاوە:**

کۆکردنەوەی کەرەسەی بابەتەکە و دیاریکردنی سەرچاوەکان، کارێکی زۆر قورسە، بە تایبەتی لە فەرهەنگێك کە بۆ منداڵ یان خوێندکارانی قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی دانرابێت، لەبەرئەوەی بابەتی

فەرهەنگی قوتابخانەیی جۆراوجۆرە بەپێی (( پێویستی توێژەر یان خوێنەر، چونكە ئەو جۆری زانیاری و ئەو بابەتانە دیاری ئەكات، كە پێویستە دابنرێت لەڕووی چۆنێتی و چەندێتی و باری ڕۆشنبیری و پەروەردەیی و زانستی))ەوە. ( **حلام الجيلالي: ١٩٩٤: ١٨٧** ).

لە دانانی فەرهەنگێكی لەم جۆرە هەڵبژاردنی وشەكان زۆر بە ئاگادارییەوە ئەبێ هەڵبژێردرێت و لەگەڵ ئەو بارودۆخەی ئەوان و ژینگە فێركاری و ئاوەزی و زانستییەكانیاندا بگونجێت، (باشترین ڕێگاش ئەوەیە كە وشە لەناو كتێب و وتووێژی قوتابخانەكاندا كۆبكرێنەوە و هەڵبژێردرێن. پاش ئەوەی كۆئەكرێنەوە، ئنجا ئەبێ بژار بكرێ، واتە ئەو وشانەی بۆ ئەم مەبەستە زۆر پێویست نین لابرێن و ئەو وشانەی پێویستن، یاخود پەرێنراون بهێنرێنە ناوەوە). ( **بڕوانە : د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف:١٩٨٧: ١٠٩** )، چونكە ((ترسناكترین شت كە تووشمان ئەبێت لە دانانی فەرهەنگی منداڵ هەڵبژاردنی كەرەسەكانی ئەو فەرهەنگەیە، هەروەها پێوەرێكی ورد لە گونجاندنی كەرەسە یان دەروازەكان و هەڵبژاردن لە نێوان دەروازەیەك و دەروازەیەكی تردا نییە، ئایە چ وشەیەك هەڵبژێردرێن و كامیان فەرامۆش بكەین)).( **الياس جوزيف:٢٠٠٠: ص ب** ).

ئەكرێت لە دوو ڕێگەوە كەرەسە و بابەتی فەرهەنگەكە كۆبكرێتەوە، ڕێگەی یەكەم لە ڕێی كتێبی قوتابخانەكانەوەبێت، كە ئەمەش زۆر باوەڕپێكراو نییە، لەبەرئەوەی لەسەر بنەمایەكی زانستی فێركاری و دەروونی بنیات نەنراوە. ڕێگەی دووەم لە ڕێی پێویستییەكانی منداڵ یان خوێندكارانەوەیە، بەپێی قۆناغەكانی تەمەنی و ساڵی خوێندنیان. ( **احمد مختار عمر:١٩٩٨: ٧٥** ).

باشترین ڕێگا، بێجگە لەو ڕێگایانەی كە باسكران، پشكنینێكی تەواوی ئەو وشانە بكرێت، كە ئەو توێژە لەو قۆناغ و ئاستە جیاوازانەدا بەكاری ئەهێنێت، لە پێناو دانانی ئەو جۆرە فەرهەنگە. ئێستاش لە پایەی پەرەسەندنی تەكنەلۆجیادا ئەكرێت جێبەجێكردنی ئەو كارە ئاسان بكرێت و ئەو وشانە ڕەچاوبكرێت كە لەو قۆناغەدا خوێندكار پێویستی پێ ئەبێت.

**١-٧-٣- جۆری وشەی بەكارهاتوو لە فەرهەنگی قوتا بخانەیی:**

**١-٧-٣-١- ناوەكان:**

ناوەكان ئەوانەن كە ئەبێ لە دەروازەكان دیاری بكرێن و جیابكرێنەوە لەڕووی (نێر و مێ و تایبەتی و گشتی و بەرجەستە و واتایی و تاك و كۆ و ...هتد).

**١-٧-٣-٢- كردارەكان:**

لە دەروازەكاندا دیاریكردنی كردارەكان زۆ پێویستە لەڕووی ڕابردوو و ڕانەبردوو و داخوازی و تێپەڕ و تێنەپەڕ دیاری بكرێت و هەریەكیان بە خەتێكی جیاواز و ڕەنگی جیاواز ئاماژەی پێ بكرێت.

**١-٧-٣-٣- ئامرازەكان:**

ئامرازەكان گرنگن لە دەروازەكاندا دیاری بكرێن، وەك ئامرازی پرسیار و پەیوەندی و بانگكردن...هتد.

**١-٧-٣-٤- دیاریكردنی وشەی بێگانە:**

ئەو وشانەی لە زمانێكی ترەوە هاتوونەتە ناو زمانێك، زۆر گرنگە لە فەرهەنگدا ئاماژەی پێ بكرێت و دیاری بكرێت.

**١-٧-٣-٥-وشە بە كوردی كراوەكان:**

واتە ئەو وشانەی لە بێگانەوە وەرگیراون و بەرگێكی خۆماڵی كراوە بە بەردا و گۆڕانكارییان تێداكردووە، لەوانەش، وشەی (ثروة)ی عەربیمان كردووە بە (سەروەت ) و وشەی (زكاة)مان كردوە بە (زەكات) ...هتد.

**١-٧-٣-٦- زاراوە و وشە شارستانییەكان:**

لەگەڵ پەرەسەندنی گەورەی بواری زانست و زانیاریدا، کۆمەڵێك یاخود ژمارەیەکی زۆری زاراوە، یاخود وشە، دێنەکایەوە و (( زانیارییەکان پەرەئەسێنن و زمانیش یاوەری ئەو پەرەسەندنە ئەبێت)).( **بڕوانە: حلام الجيلالي: ١٩٩٤: ١٨٩**).

خوێندکاریش لەهەر ئاستێکی فێرکاریدابێت، پێویستی بە هەندێ لەو وشە و زاراوەنەیە، بۆ نموونە ئەبێ گوێی لە وشەی وەك: (دابەش، دابەشکراو، دابەش لێکراو، گەردان و شیتەڵکاری...)بێت، لەبەرئەوە هەر ئاستێك لە ئاستەکانی فەرهەنگی قوتابخانەیی پێویستی بە زاراوەی وا ئەبێ، کە ئاستێکی نزمتر پێ نەبێت، بۆیە ئەبێ ئەو وشە و زاراوانە هەڵببژێردرێت، کە گونجاوبێت، بۆ هەر یەك لە خوێندکارێك و هەر ئاستێك لە ئاستەکان.

ئەبێ هەوڵبدرێت رێژەیەکی زۆر لە زاراوە و وشە لە مێشکی منداڵدا هەبێت بە پێی تەمەن و ئەو ئاستەی لێی دەخوێنێت.

**١-٧-٣-٧- وشە کەلتوورییەکان:**

بێجگە لە زاراوە و وشەی جۆراوجۆری تر کە ئەبێ خوێندکار بیزانێ، لە هەمان کاتیشدا خوێندکار پێویستی بەوە هەیە، رێژەیەك لە وشە کەلتوورییەکان بزانێت، کە ناکرێت فەرامۆش بکرێت، بۆئەوەی ڕابردووی نەتەوە لە ئایندە و کەلتوور لەگەڵ نوێگەراییدا تووشی پچڕان نەبێت.( **احمد محمد المعتوق: ١٩٩٦: ٢١٧**). بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا وشەکانی ( داس و جەنجەڕ و شەنە و کێوماڵ و تەگە و بڕۆش بەشیر و ...) کۆمەڵێکی تری وشەی هەموو بوارەکانی فەرهەنگی کوردی، خوێندکار بیزانێت و بیناسێتەوە و ئاشنای بێت، بۆئەوەی لەنەمان و فەوتاندن ڕزگاری ببێت.

**١-٧- ٤-هەڵبژاردنی یەکە فەرهەنگییەکان و ژمارەی دەروازەکان:**

**١-٧-٤-١- ناساندنی دەروازە:**

ئەو یەکە زمانییە یان ئەو کەرەسە فەرهەنگییانەیە، کە فەرهەنگە زمانییەکەی لێ پێکدێت، و بەپێی دەقی زمانی و ئامانجی لە فەرهەنگەکەدا دیاری دەکرێت.( **حلمی خلیل:١٩٩٨: ٣٨٦**)، دەروازەش بەوە ئەناسرێتەوە کە لە کەرەسەکان ئەکۆڵێتەوە لە بواری واتایی و فۆنەتیکی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی و ...هتد.

دەروازە بە واتای یەکەی فەرهەنگیش ناودەبرێت، وشەیەکی سەربەخۆیە یان لێکدراوە. زانیاری لە بارەی گۆکردن و شرۆڤەکردن و نموونەی ڕوونکردنەوە و هاوواتا و دژواتا لەخۆدەگرێت. دەروازەش بە ڕەنگی جیاواز ئەنووسرێت بۆ جیاکردنەوەی لە نووسینی ناوەرۆکەکە و بەخەتێکی تۆخ و گەورە ئەنووسرێت.

**١-٧-٤-٢- وشە فرەواتاکان:**

لە فەرهەنگدا ئەبێ وشە هاوواتا و دژواتا و هاوبێژ و فرەواتاکان دیاری بکرێن و لەیەك جیابکرێنەوە، بۆ نموونە هاوواتاکان کێشەی زۆری نییە و لە تەنیشت وشەکە هاوواتاکەی ئەنووسرێت، بۆ نموونە: ( پاك / خاوێن ... خۆشەویستی / دڵداری / سۆز / ئەوین ...هتد) و دژواتاکانیش بەرانبەرەکەی یان پێچەوانەکەی ئەنووسرێت، نموونە: ( گەورە × بچووك / تاڵ × شیرین ...هتد). ئەوەی کەمێ سەر بە کێشەبێت وشە هاودەنگ و فرەواتاکانە، ئەمانەش ئەکرێت بەپێی هەندێ پێوەر لێکجیابکرێنەوە، بۆ نموونە وشە هاودەنگەکان دەروازەی جیا بۆی ئەکرێتەوە، بە ژمارە دەربڕین لە جیاکردنەوەی ئەکرێت، بۆ نموونە وشەیەکی وەك (شیر) کە هاودەنگە لە فەرهەنگدا بەم شێوەیە جێی ئەکرێتەوە:

١ – شیر: شیری دایك بۆ منداڵ بەسوودە.

٢– شیر: شیرەکەم کرد بە زگیاو بریندارم کرد...

بەڵام بۆ وشە فرەواتاکان یەك دەروازەی هەیە و ژمارە یان هێمایەك بۆ واتا جیاوازەکانی دائەنرێت، بۆ نموونە: کۆبوونەوە:– ١– کۆبوونەوە وەك (اجتماع)ی عەرەبی.

٢- ئەوان کۆبوونەوە.

**١-٧-٤-٣- ئەو وشانەی ئاماژە بۆ شتێکی دەرەکی ناکەن:**

مەبەست لەمە ئامرازەکانە، کە ڕاستەوخۆ ئاماژە بۆ واتایەکی تایبەت ناکەن، بەڵکو لەڕووی ڕواڵەتەوە سەربەخۆن، واتە هەموو ئەوانە ئەگرێتەوە کە ئەچنە خانەی وشە ئەرکیەکانەوە، وەك جێناوەکان و ئامرازی پەیوەندی و سەرسووڕمان و بانگهێشتکردن و پێشبەند و پارتیکڵ و ...هتد.

**١-٧-٤-٤- وشە لێکدراو و ئاڵۆزەکان:**

لە دەروازەکاندا ئەبێ مامەڵەی یەك یەکەی لەگەڵدا بکرێ و پیکەوبنووسرێت، بەڵام ئەبێ بە هێمایەك یان کورتکراوەیەك ئاماژەی پێ بکرێت، تا وشەی سادە و لێکدراو و ئاڵۆزەکان جیابکرێتەوە.

**١-٨- دانانی دەروازەکان:**

هەر دەروازەیەك لە فەرهەنگدا بەسەربەخۆیی مامەڵەی لەگەڵدا ئەکرێت و گشت ئەو زانیارییانەی کە دەروازەکە دەوڵەمەند ئەکات ناوئەبرێت بە گرێ(الفقرە) و ئەو کۆمەڵە گرێیانەش لە فەرهەنگدا ناودەبرێت بە لیست(القائمە). (**عبدالغنی ابو العزم: ١٩٩٧: ٨٩**.

**١-٨-١- بنیاتی گرێ لە فەرهەنگدا:**

گرێ لە فەرهەنگی زمانیدا شرۆڤەی هەموو وشەیەك ئەکات و نموونەشی بۆ دێنێتەوە، چ نموونەی ئەدەبی یان غەیرە ئەدەبی بێت. گرێ هەروەها ڕوونکردنەوە لە بارەی ئەمانەی خوارەوەش ئەدات:

- چۆنێتی گۆکردنی وشەکە.
- دیاریکردنی پۆلێنی سینتاکسیەکەی.
- گەردانکردنی کردارەکان، ئەگەر دەروازەکە کرداری تێدابوو.
- هاوواتا و دژواتا و هاودەنگ و فرەواتان.

فەرهەنگە قوتابخانەییەکان بایەخ بە نەژادی وشەکان و بنج و جۆر و واتایان نادەن بەوەی (ئایە زاراوەیەکی زانستیە، ئەدەبییە، کۆمەڵایەتییە...هتد). ئەم ڕوونکردنەوانە ناوئەنرێت بە ئەرکی فەرهەنگ. لە کۆتاییەکەیدا وشە لێکدراوەکان و دەستەواژەکان دائەنرێت.

لە دانانی دەروازەکاندا پشت بە ڕەمز و هێما و کەوانە و ژمارە ئەبەسترێت. (**بڕوانە: احمد مختار عمر: ١٩٩٨: ٩٥-٩٦**).

**١-٨-٢- شرۆڤەی واتاکان:**

شرۆڤەکردن لە فەرهەنگدا، واتە شیکردنەوەی واتایی وشەکانی دەروازەکەیە.

**١-٩- ڕێگە بنەڕەتییەکانی شرۆڤەکردنی واتا:**

**١-٩-١- شرۆڤەکردن لەڕێی پێناسەوە:**

دەربڕینێکە، واتای وشەیەك لە ڕێی وشەیەکی ترەوە شرۆڤە ئەکات.

**١-٩-٢- شرۆڤەکردن بە دیاریکردنی پێکهاتە واتاییەکان:**

لەم جۆرە شرۆڤەکردنەدا ڕەگەزی وشەکە دیاری ئەکرێت.

**١-٩-٣- شرۆڤەکردن لە ڕێی سیاقی وشە و بەکارهێنانی نموونەی ڕوونکەرەوەیی:**

بەکارهێنانی سیاقی وشە لە فەرهەنگدا وا لە بەکارهێنەری ئەکات زانیاری لەبارەیەوە هەبێت، چونکە وشەکان ئەگەر (هەڵگری واتایەکی لێڵ بوون، تا ڕادەیەك، تەنها لەڕێی سیاقەکەی یان بەکارهێنانی ڕوون ئەبێتەوە، پاشان واتاکەی دەرئەکەوێ).( **احمد مختار عمر:١٩٩٨: ١٣٢**). کەچی نموونەی ڕوونکەرەوەیی بریتییە لە

هێنانەوەی ڕستە و دەستەواژە، کە لەگەڵ وشەکەدا بگونجێت و زانیارییەکانی لەڕووی دەنگسازی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی دەوڵەمەندبکات).

**١-٩-٤- شرۆڤەکردن لەڕێی هاوواتا یان دژواتا:**

لەگەڵ ئەوەی دیاریکردنی لە فەرهەنگدا گرنگە، بەڵام ناکرێت بەتەنها پشتی پێ ببەسترێت، لەبەرئەوەی تەنها:

- خزمەتی ئەرکی تێگەیشتنی ئەکا.
- وشەکە لە سیاقەکانی تردا جیائەکاتەوە.
- بوونی دیاردەی هاوواتا و دانانی وشەیەکی تر لە جێگەکەی بارێکی گوماناوییە.(**احمد مختار عمر: ١٩٩٨: ١٤١**).

هەندێ لە زمانەوانان شرۆڤەکردنی دژواتا بە جۆرێك لە شرۆڤەکردنی هاوواتا دائەنێن، لەبەرئەوەی بیری بەرانبەرکردن لە نێوان هەردوو وشەکە، ناوهێنانی یەکێکیان لە مێشکدا ئاسان ئەکات لە کاتی ناوهێنانی یەکەکەی تر.

**١-٩-٥- ڕێگا یارمەتیدەرەکانی شرۆڤەکردنی واتا:**

فەرهەنگ تەنها پشت بەو ڕێگایانە نابەستێت کە باسکران، بەڵکو ڕێگای یارمەتیدەریش هەیە پشتی پێ ئەبەسترێت، کە هەندێ جار لە ڕوونکردنەوەی واتاکان ڕۆڵی گەورەتر ئەگێڕێت.(**هەمان سەرچاوە:١٤٤**).لەو ڕێگایانەش:

**١-٩-٥-١- پێناسەی دەرەکی:**

هەر کاتێك هۆکارە سەرەکییەکان یان یارمەتیدەرەکان نەیانتوانی واتای وشەیەك ڕوون بکەنەوە، فەرهەنگساز پەنا ئەباتە بەر پێناسەی دەرەکی یان ڕواڵەتی. لەو کاتەشدا پەنا ئەباتە بەر پێدانی نموونە لە بارەی جیهانی دەرەوەی شتەکە، وەك ئەوەی بیەوی پێناسەی ڕەنگی (سپی) یان چەمکی ڕەنگی (سپی) ڕوونبکاتەوە، ئەڵێ هەر شتێك وەك ڕەنگی (بەفر) یان خوێی خواردن بێت و ...هتد.(**احمد مختارعمر: ١٩٩٨: ١٤٦**).

**١-٩-٥-٢- وێنەی ڕوونکەرەوە:**

وێنەی ڕوونکەرەوە زۆر شت لەخۆئەگرێت، کە هەندێ جار بۆ ڕوونکردنەوەی وشەیەك یان بۆ زانینی وێنەی ڕاستەقینەی شتەکە بەکاردێت، لەوانەش: (ژمارە، نەخشە ئەندازیارییەکان، نەخشە، وێنە...هتد) ئەمانەش وا ئەکات کە منداڵ یان خوێندکار ئەو شانەی هەست بە بوونی ئەکات لە بینینی ڕوخساری دەرەکییەکەوە وەریبگرێ و لێی تێبگات و بیناسێتەوە بەو شتەی کە ئاماژەی پێ ئەکات.

دوو ڕێگە هەیە بۆ دانانی وێنەی ڕوونکەرەوەیی لە فەرهەنگدا، یەکەم بەپێی تەوەرەکان، واتە لە بەشێکی دیاریکراوی فەرهەنگەکە لەشێوەی پاشکۆ دائەنرێت و قەبارەیانیش گەورە ئەبێت. دووەم لەژێر یان بەرانبەر ئەو دەروازەیە دائەنرێت، بۆ ڕوونکردنەوەی یان شرۆڤەکردنی و قەبارەکەشی ئەبێ بچووك بێت. (**ابراهیم خلیل الحماش: ١٩٨٤ : ١٢٩**)، تا شوێن زۆر نەگرێت و لە ئاستی وشەکەدابێت و نەچێتە بەرانبەر وشەیەکی تر.

**١-٩-٦- دیاریکردنی وێنەی ئیملائی( ئەلف وبێ):**

گرنگە منداڵ یان خوێندکار بزانێت، کە فەرهەنگ چۆن بەکارئەهێنێ و ڕیزبوونی پیتەکان بە چ پێوەرێك دانراوە و چۆن وشەکان بدۆزێتەوە. بۆ نموونە لە فەرهەنگێکی کوردی کە بۆ ئەو بوارە دانرابێت (تاکە ڕێگای ڕیزکردنی وشە ئەوەیە، کە بە گوێرەی ئەو زنجیرە ئەلف و بێیە بێت، کە لە نووسینی کوردیدا هەیە. بەمەش خوێنەر یان خوێندکار لە دۆزینەوەی وشەدا هیچ گیروگرفتێك نایەتە ڕێگای و بە ئاسانی ئەو وشەیەی پێویستی پێ دەیدۆزێتەوە.(**د.ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٨٧: ١١٧**).

**١-٩-٧- زانیاری مۆرفۆلۆجی و سینتاکسی:**

لە فەرهەنگدا کاری دەوڵەمەندکردنی دەروازەکان بە زانیاری مۆرفۆلۆجی و سینتاکسی زۆر گرنگە، بەڵام ئەو زانیارییانە بخرێتەڕوو کە زۆر پێویستن و لە ئاستی تەمەن و ئاستی زانستی ئەواندابێت، لەو زانیاریانەش

ناسینەوەی بەشەکانی ئاخاوتن و گەردانی کردارەکان و وشەی سادە و ناسادە و هەندێ زانیاری ڕستەسازی، کە بۆ ڕونکردنەوەی هەندێ وشەی لێڵ و ناڕوون گرنگە.(**علی القاسمی**:٢٠٠١ : ٣٢٧).

**١-٩-٨- دیاریکردن و دەرخستنی گۆکردن:**

زمانی کوردی یەکێکە لەو زمانانەی کە چۆن گۆئەکرێت ئەوهاش ئەنووسرێت، بۆیە لەو جۆرە زمانانە نییە کە ئەبێت جارێکی تر زمانی دەروازەکەی بە ڕەمزی دەنگی بنووسرێتەوە، وەك لە زمانی ئینگلیزیدا هەیە، بۆیە لە بارەی دەرخستن و گۆکردنی وشەکانەوە کێشەیەکی وای لێ بەدی ناکرێت.

**١-١٠- ڕیزکردنی دەروازەکان :**

مەبەست لە ڕیزکردن، ئەو ڕێگە، یان ڕێبازەیە، کە فەرهەنگساز لە ڕێکخستن و ڕیزکردنی دەروازەی فەرهەنگدا ئەیگرێتەبەر. ڕیزکردنیش بە یەکێك لە ڕەگەزە گرنگەکانی فەرهەنگ دەژمێردرێت.(**د.علی القاسمی**:٢٠٠٣: ٣١).

ئەم ڕیزکردنە دوو جۆرە: ڕیزکردنی دەرەکی، کە پێشی ئەوترێت ڕیزکردنی گەورە و ڕیزکردنی ناوەکی، کە پێشی ئەوترێت ڕیزکردنی بچووك یان لاوەکی(**بڕوانە: سەنگەر علی مامە**:٢٠١٣: ٤٨، ٤٩) کەبەم شێوەیەی خوارەوە ڕوون ئەکرێتەوە:

**١-١٠-١- ڕیزکردنی دەرەکی دەروازەکان:**

لە فەرهەنگدا و لەبەرئەوەی وشەی زۆر لەخۆئەگرێت ، بۆیە ئەبێ ڕێبازێك هەبێ کە ئەو وشانەی پێ ڕیزبکرێت، (بۆئەوەی بە ئاسانی هەر وشەیەکت ویست بە کەمترین کات و ماندووبوون دەستت بکەوێت، بەبێ ئەو ڕێبازەش فەرهەنگ نرخە گرنگەکەی لە دەست ئەدات و فەرهەنگی هەر نەتەوەیەك، کۆن یان نوێ بێت، ئەو جۆرە ڕیزکردنەی فەرامۆش نەکردووە).(**بڕوانە: احمد مختار عمر**:١٩٩٨: ٩٨). بۆیە ڕیزکردنی دەرەکی جیاوازە لەگەڵ ڕیزکردنی ناوەکی ، کاتێ کە وشەکان لە فەرهەنگدا ڕیزدەکرێت. لە ڕیزکردنی دەرەکی بەپێی گۆکردنی وشەکان ڕیزئەکرێت، کە ڕەچاوی ڕیزبەندی (ئەلف و بێ)ی فەرهەنگەکە ئەکرێت، کەچی ڕیزکردنی ناوەکی بە پێی (ئەلف و بێ)ی زمانی ڕیزئەکرێت...(**بڕوانە: شکۆفە حسێن محمد**:٢٠١٧: ٣٩).

**١-١٠-٢- ڕیزکردنی ناوەکی دەروازەکان:**

ڕیزکردنی زانیارییەکانە لەناو دەروازەکاندا، کە وشەکە یان دەروازەکە بە خەتێکی ڕەشی تۆخ ئەنووسرێت، پاشان زانیارییەکانی تر بە خەتێکی ڕەشی کاڵتر ڕوون ئەکرێتەوە.

**١-١١- گرنگی فەرهەنگی قوتابخانەیی:**

فەرهەنگی قوتابخانەیی ئامانج و گرنگیی پەروەردەیی خۆی هەیە، کە بریتییە لە یارمەتیدانی فێرکار لە بەکارهێنان و زانینی زاراوەیەك، کە زانیاری لەسەر نەبێت، یان لێڵ بێت...هتد. فەرهەنگی قوتابخانەیی هۆکارێکە لە هۆکارە پەروەردییەکان و خوێندکار لە خوێندنی و لە لێکۆڵینەوەکانیدا پێویستی پێ ئەبێت و بەشداری لە سەرکەوتنی پرۆسەی فێرکاریدا ئەکات. بۆیە پێویستە مامۆستای زمان خوێندکارەکانی بە زانستی فەرهەنگ و چۆنێتی بەکارهێنانی ئاشنابکات و فێریان بکات، کە فەرهەنگ چییە و بۆچی بەکاردێت، چونکە فەرامۆشکردنی ئەم لایەنە زیندووەی پەروەردکردنی زمان نەك هەر وا ئەکات خوێندکار نەتوانێ بەتەنها فەرهەنگ بەشێوەیەکی چالاك بەکاربێنێ، بەڵکو ئەبێتە هۆی دەرکەوتنی چەمکی هەڵەش لەبارەی سروشتی فەرهەنگ و ئەرکەکانی.(**د.علی القاسمی**:١٩٩١: ١٦٣).

خوێندکار لە پرۆسەی خوێندن و وەرگرتنی زانیاریدا پێویستی بە کتێبی یارمەتیدەر هەیە، بێجگە لەو کتێبانەی کە لە قوتابخانە وەری ئەگرێت. یەکێ لەو کتێبە یارمەتیدەرانەش فەرهەنگە کە زانیارییەکی زۆری پێ

ئەبەخشێ و شان بە شان کتێبەکانی تری بەشدارئەبێت لە پرۆسەی فێربوونی و وەرگرتنی زانیاریدا. ئەو کتێبانە و کتێبە یارمەتیدەرانەش ئەکرێ لەم ڕوانگەیەوە سەیربکرێن:

**- ڕوخساری دەرەکی:**

ئەبێ سەرنجڕاکێش بێت و لەگەڵ ئارەزو و دەرونی خوێندکاردا گونجاوبێت.

**- ناوەرۆک:**

- ئەبێ دەقی ئەدەبی و زانستی تێدابێت.
- چیرۆکەکان ئەبێ بریتی بن لە گێڕانەوەی کۆمەڵێك لەو ڕووداوانەی کە باسی کەسایەتی دیاریکراو ئەکەن.
- فەرهەنگی قوتابخانەیی ئەبێ ژمارەیەك وشە و زاراوەی تێدابێ و واتاکانیان ڕێکخرابن بە پێی ڕێبازێکی دیاریکراو.

**- گرنگیی:**

- کتێبی قوتابخانەیی یارمەتی خوێندکار ئەدات لە وەرگرتنی زانیاری و زانست و ئەزموونی بەهێز ئەکات.
- گرنگی چیرۆك لەوەدایە، کە خوێندکار پەند وەرئەگرێ یان شێوازی بیرکردنەوە و نووسینی باش ئەکا و چێژ لە خوێندنەوە وەرئەگرێ.(**بڕوانە :عبدالغنی ابو العزم: ١٩٩٧: ١٢١**).

کەواتە گرنگیی فەرهەنگیی قوتابخانەیی لەم خاڵانەدا دەرئەکەوێ[١]، بەوەی کە:

١- ئامرازێکە خوێندکار سوودی لێ ئەبینێ بۆ شرۆڤەکردنی وشە و زاراوە قورس و لێڵەکان و واتاکانی بۆ ڕوون ئەکاتەوە، هەروەها بۆ دەرخستنی واتای وشە نادیار و ئاڵۆزەکان بەکاری ئەهێنێ، کە لە کاتی خوێندنەوەیدا چ لە ماڵ و چ لە قوتابخانە دێتەپێشی.

٢- ئامرازێکە وا لە خوێندکار ئەکا چێژی گەڕان بە دوای توێژینەوە و دۆزینەوەی شت لە ناخیدا بچەسپێنێت.

٣- ئامرازێکە خوێندکار ڕائەهێنێ لەسەر گەڕانەوە بۆ بنج و بنەوانی وشەکان و وای لێ ئەکات زانیاری تەواو لە بارەی وشەکان وەربگرێت لە داڕشتن و کۆ و تاك و ڕەگەزەوە.

٤- ئەبێتە هۆیەك بۆ پشتبەستنی خوێندکار بەخۆی، بێ ئەوەی پشت بە مامۆستا یان کتێبی قوتابخانەیی ببەستێت، لە وەرگرتنی واتای وشەکان و دەوڵەمەندکردنی کۆگای مێشکی بە کەرەسە و زانیاری جۆراوجۆر، ئەمەش پێی ئەوترێت (فێربوونی خودی)، کە کاتێ وشەیەکی لێڵی هاتەپێش پەنا ئەباتە بەر فەرهەنگ بۆ ڕوونکردنەوە و زانیاری لە بارەیەوە.

٥- فەرهەنگی قوتابخانەیی بە بڕێکی زۆری زانیاری ئەزموونی زانستی و ڕۆشنبیری فراوان ئەکات.

٦- فەرهەنگی قوتابخانەیی کەرەسەی زمانەوانی خوێندکار دەوڵەمەندئەکات، کە لە سیاقە جیاوازەکاندا بەکاری ئەهێنێ.

سەرچاوەکانی دەوڵەمەندکردنی کەرەسەی زمانەوانی خوێندکار تەنیا فەرهەنگ نییە، بەڵکو کۆمەڵێك هۆکاری تریش هەن، لەوانەش: (پەیوەندی کۆمەڵایەتی ، قوتابخانە، کتێبەکانی قوتابخانە، فەرهەنگە قوتابخانەییەکان).

---

[١] **- هەروەها لە بارەی گرنگی فەرهەنگی قوتابخانەیی، بڕوانە :**

- الطاهر ميلة، مواصفات المعجم المدرسي المعاصر، مجلة (اللسانيات)، العدد(١٦)، عدد خاص عن المعجم المدرسي، الرباط- الجزائر، ٢٠١٠، **ص٢١-٢٢**.
- د.علي القاسمي، علم اللغة وصناعة المعجم، الرياض- السعودية، ١٩٩١، ص١٦٣.
- العايب اسماء و العايب سهام، المعاجم المدرسية واهميتها التعليمية(المعجم الوسيط – انموذجا-) دراسة تحليلية، شهادة ماجستير، كلية الاداب واللغات، الجزائر، ٢٠١٧،١٣.
- جورج عيسى،( المعرب والدخيل) في المعجم المدرسي، مجلة (التراث العربي)، العدد (٨٥)،اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٢،١٨٤-١٨٥.

٧- خوێندكار لە پەراوێزی كتێبدا شرۆڤەی هەندێ وشەی قورسی دەست ئەكەوێت، بەلأم زانیاری تەواو لە بارەی ئەو وشەیەوە وەرناگرێ، كەچی فەرهەنگی قوتابخانەیی زانیاری جۆراوجۆری لە بارەی وشەكانەوە ئەدات، بە تایبەتی ئەگەربێت و پشتبەستووبێت بە ئامرازەكانی ڕوونكراوەیی.

٨- لەڕێی فەرهەنگەوە خوێندكار شارەزایی پەیدا ئەكا، لە بواری دیاردەی زمانەوانی وەك وشەی هاودەنگ و دژواتا و نەژادی وشەكان و گەردانیكردنە جیاوازەكان، وەك بكەر و بەركار و ناوی شوێن و كات و ...هتد.

٩- بەتێپەڕبوونی كات فەرهەنگی قوتابخانەیی هەڵەی خوێندكار كەم ئەكاتەوە، لەبەرئەوەی بە بەكارهێنانی زۆر فێری چۆنێتی نووسینی وشەكان ئەبێت.

١٠- بەكارهێنەری فەرهەنگ لە هەڵدانەوە و خوێندنەوەی هەر لاپەڕەیەكی چێژ وەرئەگرێ ، بە تایبەتی ئەگەربێت و چاپێكی جوان و وێنەی ڕوون و ڕەنگ و بەرگێكی جوانی هەبێت. (**بڕوانە: احمد محمد المعتوق: ١٩٩٦: ٢٢٩**).

١١- وا ئەكات خوێندكار زانیاری لە بارەی مێژوو و ناوی بابەتەكانی قوتابخانەدا هەبێت.

١٢- پەرەسەندنی بەرهەمی زمانی لەلای فێركار زیاد ئەكات.

١٣- وا ئەكات فێركار بە لایەنەی فێركردنەوە ببەستێتەوە.

١٤- خولقاندنی فێربوونی كەسی لای فێركار.

١٥- وا ئەكات فێركار شارەزایی لە بارەی دەستوورەكانی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی و سینتاكس و واتاسازییەوە پەیدابكات.

١٦- وا ئەكات فێركار فێری ڕەخنەگرتن ببێت و زانیارییەكان لەڕێی هەڵهێنجانەوە بەدەست بێنێ...(**د.عصام ابوزلال: ٢٠١٦: ١٠٨**).

**بەشی دووەم: ڕەگەزەكانی فەرهەنگی قوتابخانەیی:**

**٢-١- چاپ و دەرهێنان**(بلأوكردنەوە):

ئەوانەی كار لە فەرهەنگی قوتابخانەیی ئەكەن، بایەخێكی گەورە بە دەرهێنانی فەرهەنگەكە و دەرچوونی بەپێی تەمەنی فێركارەكە ئەدەن. پیتی گەورە و كاغەزی باش و ڕەنگ و وێنەی جۆراوجۆر و نەخشە و ...هتد، تێدا بەكاردێنن، كە ئەمەش وا لەبەكارهێنەری فەرهەنگەكە ئەكا – بەتایبەتی منداڵان – زوو لێی تێبگەن.( الطاهر ميلة:٢٠١٠: ٢٧).گەر سەیرێكی فەرهەنگی (تریفە- ٢٠٠٨) بكەین، ئەبینین تاڕادەیەكی باش بەشێوازێكی باش چاپكراوە و كاری دەرهێنانیشی لە ئاستێكی باشدایە، لەڕووی بەرگ و كاغەز و بەكارهێنانی ڕەنگ و وێنە و دیزاین و دەروازەكان بە ڕەنگی جیاواز نووسراون...تاد.كەچی فەرهەنگی ( **قوتابی** – ١٩٨٥) و (**قوتابی** ٢٠٠١) لەڕووی چاپ و دەرهێنانەوە لەو ئاستە باشەدا نییە، بەراورد بە فەرهەنگی (**تریفە**-٢٠٠٨).

لە تایبەتمەندییەكانی فەرهەنگی نوێ ئەوەیە پشت بەلایەنی زانستی و زمانەوانی ئەبەستێت، كە ئەمە ناوەرۆك ئەگرێتەوە، هەروەها پشت بە لایەنی تەكنیكی و هونەری ئەبەستێت، كە ئەمەش لایەنی ڕوخساری فەرهەنگەكەیە لە چاپ و بەرگ و ڕەنگ و وێنە و ...هتد.(ابن حويلي الاخضري ميدني: **٢٠٠٩: ١٧١**). بۆیە گرنگە كە فەرهەنگی قوتابخانەیی چاپێكی جوان و دەرهێنانێكی ڕێكوپێك و جوان و سەرنجڕاكێشی هەبێت، كە ئەم مەرجانەش هەبوو لەو جۆرە فەرهەنگەدا، كاریگەرییەكی زۆری لە بەدەستهێنانی باوەڕپێكردنی خوێندكار ئەبێت.

لایەنی دەرهێنانی فەرهەنگیش هەمان كاریگەری هەیە، وەك جۆری دیزاین و كاغەز و بەكارهێنانی وێنە و قەبارەی فۆنتی پیتەكان و لایەنەكانی تریش. ڕاستە ناوەرۆك ڕۆڵی لە ڕوخسار گرنگترە، بەلأم ڕوخساریش كاریگەری خۆی هەیە، چونكە پێش ناوەرۆك منداڵ یان خوێندكار ئەڕوانە وێنە و ڕوخساری فەرهەنگەكە،

ئەگەر بەرگ و ڕەنگ ڕوخسارێکی سەرنجڕاکێشی هەبێت، بێگومان منداڵەکە هانئەدات بۆ خوێندنەوەی و هاوڕێبوونی لەگەڵ فەرهەنگەکەدا. (احمد محمد المعتوق/ الحصيلة اللغوية:١٩٩٦: ٢٤٨).

ئێستا بەپێی پەرەسەندنی بواری زانست و تەکنەلۆجیا، ئەبێ دەرهێنان و دانانی ئەو جۆرە فەرهەنگانە خاوەنی کاغزێکی باش و چاپکردنێکی جوان بێت و لە ڕووی ڕوخسار و وێنەوە ئەبێ سەرنجڕاکیش بێت و ڕەچاوی پێویستێتی باری دەروونی و تەمەنی منداڵ بکات. بۆیە دەکرێت ئەو جۆرە فەرهەنگە لەم ڕووەوە دابنرێت:

**٢-١-١- دیزاینی بەرگەکەی.**

**٢-١-٢- جۆری کاغەز و ڕەنگەکەی .**

**٢-١-٣- قەبارەی فۆنتی وشەکان و ڕوونی پەراوێزەکان و ماوەی نێوان وشە و ڕیزەکان.**

**٢-١-٤- وێنەکانی ناو فەرهەنگەکە.**

**٢-١-٥- ڕەنگە بەکارهاتووەکان.**

**٢-١-٦- قەبارەی فەرهەنگەکە.**

**٢-١- ١- بەرگ:**

لە پرۆسەی دانانی فەرهەنگ، یا کتێب بەرگ کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر پرۆسەی فێربوون و تەنانەت فرۆشتنیش ئەبێت. لە تەمەنی منداڵدا زۆر گرنگە کە بەرگی فەرهەنگ سەرنجڕاکێش بێت، وا ئەکات ئارەزووی بۆ خوێندنەوەی و خولقاندنی کەش و هەوا و خۆشویستنی و کڕینی پەرتووکی لەلا جوان بکات، گومانیشی تێدانییە کە بەرگ بە ڕێژەی ٢٥٪ لە فرۆشتنی کتێبدا بەشداری ئەکات، چونکە ئەوەی خوێنەر ڕائەکێشێ لە کڕینی سەرچاوە بەرگ و ناوەڕۆکە، ئەگەربێت و بە شێوەیەکی جوان دەرهێنانی بۆ نەکرابێ و بەرگێکی سەرنجڕاکێشی نەبێت، باشیش نافرۆشرێت.

فەرهەنگ لەبەرئەوەی هۆکارێکی پەروەردەییە، پێویستە بە بەردەوامی بەکاربێت، وەك کتێبی قوتابخانە نییە، کە هەموو ساڵێك دەگۆڕدرێت، بۆیە ئەبێ بەرگێکی باش و بەهێزی هەبێت و لەو جۆرانە نەبێت بە خێرایی بدڕێت و و تێکبچێت.

هۆکاری بایەخدان بە بەرگی کتێب یا فەرهەنگ بۆ پەرەسەندنی تەکنەلۆجیا لە لایەك و زیادبوونی ژمارەی دەزگاکانی بلاوکردنەوە و کتێبە چاپکراوەکان لە لایەکی تر دەگەڕێتەوە.(غلاف الكتاب يجذب القراءة ويساهم في عملية التسويق( www.balagh.com).

نابێت زیادەڕۆیی زۆر بکرێت لە بایەخدان تەنها بە بەرگی فەرهەنگەکە، بێ ئەوەی ڕەچاوی هەندێ بنەما و فاکتەر لەو بوارەدا نەکرێت، وەك ئەوەی ڕەنگی زۆر و وێنەی زۆری تێدا بەکاردێنن، بەڵکو ئەبێ ڕەچاوی کۆمەڵێ ڕەگەزی واتایی تێدابکرێت و ڕۆشنبیرییەکی بینراو پێشکەش بە بەکارهێنەری فەرهەنگ بکات.( **نجيب احمد:** ١٩٩١: ٢٤٠ ) بۆیە بەرگی فەرهەنگی قوتابخانەیی ئەبێت ئەمانەی خوارەوە لەخۆبگرێت:

١- ناوی نووسەر یان نووسەران ئەگەر بە کۆمەڵ نووسرابوون.

٢- ناوی دەزگای بلاوکراوە.

٣- ژمارەی ڕیزبەندی چاپکراو.

٤- ئەو توێژەی یان ئەو قۆناغە فێرکارییەی سوودی لێ ئەبینێت.

٥- ژمارەی دەروازەکان.

٦- دیزاینی ئالۆزنەبێت، و بۆ تەمەنی خوێندکاران یان منداڵان گونجاوبێت.

٧- ڕەنگەکانی گونجاوبێت.

٨- بەهێزبێت و تەنك نەبێت.

لەبەرئەوەی بنەمایەك نییە بۆ چۆنێتی دروستکردنی بەرگ، یان دانەری فەرهەنگەکە بایەخ بە بەرگ و ڕەنگەکەی نادات، و دەزگای بڵاوکردنەوەکە سەرپشك ئەکات، لە چۆنێتی دروستکردنی بەرگەکە و شێوازی نووسین و ڕەنگەکە بەکارهاتووەکان، کە بەرگی فەرهەنگ یان کتێبەکان لەو ئاستەدا نین و ماوەیەکی کەم تووشی کاڵبوونەوە و دڕان ئەبن.لەڕووی ئەو مەرجانەی سەرەوە دەتوانین بڵێین کە ئەو سێ فەرهەنگە قوتابخانەییە کوردییەی وەك نموونە لەم توێژینەوەیەدا هێناومانەتەوە و پشتمان پێ بەستووە، هەموو ئەو مەرجانەی سەرەوەی تێدا بەدی ناکرێت، بەڵکو هەندێ لەو مەرجانەیان تێدایە. فەرهەنگی (**تریفە**) لەڕووی بەرگەوە، بەرگێکی ئەستوور و پتەوی هەیە، کەچی هەردوو فەرهەنگی (**قوتابی**) بەرگێکی سادە و تەنکیان هەیە.

**٢-١-٢- کاغەز:**

لە هەڵبژاردنی جۆری کاغەز بۆ فەرهەنگ گرنگە لەو جۆرەبێت، کە زۆر تەنك نەبێت و لە کاتی خوێندنەوە چاو ئازار نەدا، واتە زۆرزۆر سپی نەبێت، کە حەز بە خوێندنەوەی نەکرێت، هەندێ لە فەرهەنگەکان کاغەزی مەیلە و زەرد هەڵئەبژێرن، کە زیان بە چاو ناگەیێنێ.(**بڕوانە: احمد محمد المعتوق: ١٩٩٦**/ المعاجم اللغوية العربية: ٢٥٤). وەك فەرهەنگی (لاروس المعجم العربی الحديث).

هەروە هاجۆرێکی تری کاغەز هەیە بەرەو ڕەنگی شەکەری ئەڕوا، ئەویش سپییە بەڵام بریقەدار نییە و لە خوێندنەوەدا زیانی بۆ چاونابێت. هەروەها تەنکی و ئەستووری کاغەزیش ڕۆڵی لە فەرهەنگدا هەیە، کە باشتروایە کاغەزەکە لە جۆری ئەستووربێت.

هەروەها لە فەرهەنگدا ئەبێ کاغەزەکان باش گەیاندرابن بەیەك و بە کەتیرە بە شێوەیەکی باش پێکەوە نووسابن و لە کاتی بەکارهێنانیدا، کاغەز یان لاپەڕەکانی هەڵنەوەشێتەوە و لێك نەترازن و لە ئەنجامدا لاپەڕەیەك یان لاپەڕەیەکی لێ ونبێ و ببێتە هۆی ئەوەی خوێندکار لێی بێزارببێت و کار بکاتە سەر واتا و شوێنی وێنەکان و ڕوونکردنەوەیان.

دەکرێت ((لاروس المعجم العربی الحديث)) بە باشترین فەرهەنگی قوتابخانەیی دابنرێت لە ڕووی چاپ و دەرهێنانەوە. لەو بارانەی کە لە و فەرهەنگەدا ڕەچاوکراوە (وردبوونی لە دەرهێنان و جوانی چاپکردندا و ڕازاندنەوەی بە تابلۆ و وێنەی ڕەنگاوڕەنگی زانستی و بێ ڕەنگیش و بەکارهێنانی تابلۆی هونەری، کە نرخی جوانی فەرهەنگەکە کەمتر نییە لە نرخە زمانیی و زانستییەکەی). (**بڕوانە: خليل الجر**:١٩٨٧). لەڕووی تایبەتمەندی کاغەز، فەرهەگی (**تریفە**) کاغەزەکانی تا ڕادەیەکی باش ئەستوورن و ڕەنگەکەشی زۆر لەو سپییانە نییە ئازاری چاوبدات و بە باشیش گەینراون بەیەکدی و پتەون، کەچی فەرهەنگی (**قوتابی** -٢٠٠١) تا ڕادەیەکی زیاتر ڕەنگی کاغەزەکانی سپیترە لەو دوو فەرهەنگەی تر و فەرهەنگی (**قوتابی** -١٩٨٥)یش کاغەزەکانی زۆر سپی نییە، بەڵام سی لاپەڕەیەکی ڕەنگی سەوزە.

**٢-١-٣- نووسین:**

نووسین یەکێکە لە ڕەگەزە گرنگەکانی دەرهێنانی فەرهەنگ، هەر لە شێوەی پیتەکان و قەبارەی و درێژی ڕیزەکان و ژمارەی ستوون و تا ڕێژەی سپێتی نێوانی وشە و ڕیزەکانی، بۆیە ئەوەی کە فەرهەنگێك چاپ ئەکات ئەبێ ئەوە بزانێ، کە هەڵبژاردنی قەبارەی پیتەکان ڕۆڵێکی سەرەکی ئەبینێت لە خولقاندنی کەشێکی باش بۆ خوێندکار لە خوێندنەوە و بەکارهێنانی فەرهەنگەکە، کە بە ئاسانی ئەیخوێنێتەوە و چاوی پێ ئەحەسێتەوە و ماوەیەکی زۆریش بەکاری ئەهێنێ.

لە کاتی نووسیندا پیتەکان نابێت زۆر ورد بنووسرێت، کە لە کاتی خوێندنەوەیدا زیان بە چاو بگەیێنێت، بەڵکو ئەبێ بە پیتی گەورە بنووسرێت و ڕوون بێت، چونکە ئەگەر بە بچووکی بنووسرێت لەوانەیە یەکجار بخوێندرێتەوە و جارێکی تر منداڵان نەگەڕێنەوە بۆی، فەرهەنگی (قوتابی -١٩٨٥) لەو جۆرەیە کە پیتی وشەکانی بە فۆنتێکی بچووك نووسراوە، بە تایبەتی وشە ئینگلیزییەکان، کەچی فەرهەنگی (**تریفە**) و (**قوتابی** –

٢٠٠١) پێچەوانەی ئەوەن. ڕەنگی ڕەشیش باشترینە بۆ نووسین، چونکە بە ئاسانی ئەبینرێت و ئەخوێندرێتەوە، بەڵام ئەگەر دەروازەکان بە ڕەنگی سوور یان سەوز جیابکرێتەوە باشتر ئەبێت. هەردوو فەرهەنگی (**قوتابی**) ڕەنگی ڕەشیان بەکارهێناوە، بەڵام فەرهەنگی (**تریفە**) بۆ دەروازەکان ڕەنگی (پەمبە)ی بەکارهێناوە، بەرانبەرەکەشی ڕەنگی ڕەشی بۆ بەکارهێناوە.

هەڵبژاردنی قەبارەی نووسین دەچێتە خانەی هەندێ لە خاڵی ڕەچاوکراو، لەوانەش:

**٢-١-٣- ١-تەمەن:**

لە کاتی هەڵبژاردنی قەبارەی پیتەکان یان کاتی نووسینی وشەکان، تەمەنی ئەو کەسانەی فەرهەنگەکەی بۆ دائەنرێت ڕۆڵی خۆی هەیە، چونکە تەمەنی خوێندکارانی سەرەتایی وەك تەمەنی قۆناغە تەواوکارییەکان نابێت، چونکە منداڵانی تەمەنی بچووك حەزیان بەوەیە وشەکە بە گەورەیی بنووسرێت، لەبەرئەوەی هێزی دەمارەکانی بینین لە لای بچووکەکان لاوازترە لە لای گەورەکان. پێویستیشە لەو جۆرە فەرهەنگانەدا ڕەچاوی تەمەنیان بکرێت، چونکە ئەبێتە هۆیەك بۆ جێبەجێکردنی وردێتی و هەڵبژاردنێکی ڕاستی بابەتەکانی فەرهەنگەکە، کە گونجاوبێت لەگەڵ ئاستی فێرکار و ڕەچاوی تایبەتمەندییە دەروونی و ئاوەزی و کۆمەڵایەتی فێرکارەکە بکات.(**د.عصام ابوزلال**:٢٠١٦: ١١٤) . لەو سێ فەرهەنگە کوردییەی هەڵمانبژاردووە، ڕەچاوی ئەو خاڵە نەکراوە، لەبەرئەوەی فەرهەنگەکان بە شێوەیەکی گشتی دانراون و بۆ قۆناغێکی فێرکاری دیاریکراو دانەنراون.

**٢-١-٣- ٢- پلەبەندی لە قەبارە:**

دەکرێت پلەبەندی بکرێت لە قەبارەدا بەپێی پلەبەندی قۆناغەکانی خوێندن و تەمەن و جیاوازییەکانی نێوانیاندا. ئەم خاڵەش بەهەمان شێوە لەو فەرهەنگە کوردییانەی ئەو بوارە ڕەچاو نەکراوە.

**٢-١-٣- ٣- هۆکاری دارایی:**

هەندێ جار هۆکاری دارایی ڕۆڵی خۆی لە قەبارەی نووسیندا ئەبینێ، کە ئەمەش کاریگەریی لە فرۆشتنیشدا ئەبێ، چونکە هەرچەند قەبارەی وشەکە گەورەبێت، قەبارەی فەرهەنگەکەش گەورەتر ئەبێ و نرخی زۆرتر ئەبێ. ئەو فەرهەنگە کوردییانەی ئەم بوارە، ئەو خاڵەیان زۆر لەلا گرنگ نەبووە، ئامانجەکەیان تەنها دانانی فەرهەنگی ئەو بوارە بووە، لەبەرئەوەی ئەو فەرهەنگانە وەزارەتی پەروەردە لەڕێی لیژنەوە دەریکردووەو دابەشی خوێندنگەکان کراوە.

**٢-١-٣- ٤- قەبارەی نووسین پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە قەبارەی فەرهەنگەوە هەیە.**

هەرچەندە نووسین بە قەبارەیەکی بچووك بنووسرێت، فەرهەنگەکەش قەبارەی بچووك ئەبێت، یان ئەگەر گەورە بنووسرێت فەرهەنگەکە گەورەتر ئەبێ، بەڵام ئەم وشانە دەستوور نین، کە گشتاندنی بە بەردەوامی بۆ بکرێ، چونکە فەرهەنگ هەیە وشەکانی گەورەش نووسراون کەچی قەبارەکەی بچووکە، لەبەرئەوەی ژمارەی دە روازەکانی کەمە، واتە ژمارەی ئەو وشانەی تێیدایە کەمە. لەڕووی قەبارەوە هەر سێ فەرهەنگەکە زۆر زیادەڕۆیی تێدانەکراوە و قەبارەیەکی ئاساییان هەیە.

**٢-١-٣-٥- ڕێژەی سپێتی یان بۆشایی نێوان وشە و ڕیز و پەراوێزەکان، یەکێکن لە هۆکارەکان.**

ڕێژەی سپێتی یا ن بۆشایی نێوان وشە و ڕیزەکان، نابێ زۆربن، چونکە ئەبێتە هۆیەك بۆ ئەوەی قەبارەی فەرهەنگەکە گورەتر دیاربێت و هەروەها لەڕووی ڕوخساریشەوە ناشرینتر دەرئەکەوێ. هەرسێ فەرهەنگەکە تاڕادەیەکی باش ڕەچاوی ئەو خاڵەیان کردووە.

**٢-١-٣- ٦- شێوازی نووسینی دەروازەکان:**

لە زۆربەی فەرهەنگە قوتابخانەییەکاندا دوو شێوازی نووسین هەیە، شێوەیەك تایبەتە بە شرۆڤەکردن(شەرح) و شێوەیەکی تریش تایبەتە بە دەروازەکان، بەمەرجێ دەروازەکان بە خەتێکی ئەستوور ئەنووسرێن، ئامانج لەوەش سەرنجراکێشانی خوێنەرە بۆ سەرەتای هەر دەروازەیەکی نوێ، هەروەها ڕێژەی دەروازەکان لە لاپەڕەیەکدا زۆر کەمترە بە بەراورد بە ڕێژەی شرۆڤەکردنی وشەکان.( **احمد شفیق** الخطیب: ١٩٨٦:

٦٢٤). لەم سێ فەرهەنگەدا– فەرهەنگی (**تريفه**) و هەردوو فەرهەنگی (**قوتابی**)– زیاتر پەنابردراوەتە بەر دانانی وشەیەك و پێدانی واتاكەی بە زمانێكی تر، كەمتر كاری شرۆڤەكاری تێداكراوە. لەبەرئەوەی ئەو فەرهەنگانە دوزمانی یا زیاترن، بۆیە هەوڵیان نەداوە دەروازەكان بە زانیاری جیاواز دەوڵەمەند بكەن.

٢-١- ٤- **وێنە( فۆتۆگرافی و كێشراو )**:

زۆربەی خەڵكی و منداڵ بە تایبەتی حەزیان بەو كتێبانەیە، كە وێنەیان تێدایە و ئارەزووی كڕینی ئەكەن، دانانی وێنەش بەهۆی پەرەسەندنی چاپ و تەكنیكەكانی وێنەگرتنەوەیە، و لە كۆندا وێنە و نەقش و ...لەو جۆرانە، وێنەكێشەكان بەكاری دەستی ئەیانكرد.

كەواتە كاریگەریی وێنە(فۆتۆگرافی و دەستكرد/كێشراو) كاریگەریی لەسەر بەكارهێنەری فەرهەنگ چییە؟

وێنە بە گشتی رۆڵێكی گەورەی هەیە لە روونكردنەوە و شرۆڤەكاری و پشكنین و بە یەكێك لە گرنگترین هۆكارەكانی روونكردنەوەی فەرهەنگ ئەژمێردرێت، كە رۆڵی ئەو چەمكە هەستپێكراوانە ئەبینێت كە منداڵ لەوەپێشدا نەیزانیوە، بۆیە لە فەرهەنگدا وێنە دائەنرێت بۆئەوەی شتەكە بناسینەوە، نموونەش بۆ ئەوە، گوێی لە وشەی (سیمۆرە) بووە، بەڵام وێنەكەی نەبینیوە، دانەری فەرهەنگەكە ناوەكە دائەنێ و واتاكەی لە تەنیشتەوە شرۆڤە ئەكا، یان لێكی ئەداتەوە و وێنەكەشی لەگەڵدا هاوپێچ ئەكا. خوێندكاریش لەو كاتەدا بەستنەوەیەك لە نێوان ناو و ناولێنراو ئەكا.(**بروانە : احمد شفيق** الخطيب: ١٩٨٦ :٦٢٤).

وێنە ئەبێتە هۆی جێگیركردنی واتا و مانەوەی لە بیری خوێندكاردا، بە تایبەتی ئەگەربێت و بە رێگەیەكی باش و دەربڕاوێكی رێك دانرابێت. وێنە تەنها ئەركی روونكردنەوە نییە، بەڵكو كەرەسەیەكی زیندووە و نرخی خۆی هەیە، كە هەندێ جار لە شرۆڤەكردنی بابەتی وشەكە بەرزتر و كاریگەرترە. لەوانەیە بە تەنیا دەربڕین لە زانیاری زۆری وا بكات كە نەتوانین بە وشە یان رستە دەربڕینی لێ بكەین.

هەندێ جار وێنە رۆڵێكی گەورەتر لە وشە ئەگێڕێ، لەبەرئەوەی وێنە توانای هەیە بەربەستی زمانی تێپەڕێنێ ((وێنە – وەك پەندێكی چینی هەیە ئەڵێ، دەكرێ لە بری هەزار وشە بەكاربێت)). (**بروانە :احمد شفيق** الخطيب:١٩٨٦ : ٦٢١). چونكە (...هەندێ جار لێكدانەوەی هەندێ لە دەروازەكان لەوانەیە تەنها بە وەسفكردن و باسكردنی نەكرێت، بۆیە هەندێ لە فەرهەنگسازەكان پەنائەبەنە بەر شرۆڤەكردن لەرێی وێنەوە، ئەویش بە دانانی وێنە بەرانبەر بە وشەكە...).( **محمد احمد ابوالفرج**:٢٠٠٩: ١٢٦).

نموونەیەكی تر، ئەگەربێت و باسی ناوی باڵندەیەك بۆ منداڵ بكەین و شرۆڤەی بۆ بكەین، بێ ئەوەی وێنەكە دابنێین، نازانێ باسی كام باڵندە ئەكەین و كام جۆر؟ بۆیە ئەكرێ شرۆڤەكە و وێنەی باڵندەكە بەیەكەوە دابنرێت، تا خوێندكار بتوانێت بە ئاسانی بیان ناسێتەوە...

وێنە لە فەرهەنگی قوتابخانەییدا – وێنەی فۆتۆگرافی بێت یان كێشراوبێت– رۆڵێكی چالاكی لە سەرنجراكێشانی خوێندكاردا هەیە، بە پێی پاشخانی زانیاری و رۆشنبیری و ئارەزووی بۆ وێنە و باوەڕی بەوەی ئەیخوێنێ و ئەیبینێ، هەرچەندە وێنە رەنگاورەنگ بێت كاریگەریی زیاتر ئەبێ و لە بیریدا زیاتر ئەمێنێ، بۆیە (( وێنەی رەنگاورەنگ روونترە لە وێنەی رەش و سپی، و سوودی زۆرترە لە دۆزینەوەی واتای راستەقینەیی وشەكان)).(**ابراهيم خليل الحماش**:١٩٨٤: ١٢٩). منداڵیش هەرچەندە لە تەمەن گەورەبێت، بایەخ كەمتر بە وێنە ئەدات، ئەمەش لە باری سەرشانی داهێنەر و دەزگاكانی چاپ سووك ئەكاتەوە. هەڵبژاردنی وێنەی گونجاو و دانانی لە شوێنی خۆی كاریگەرییەكی گەورەی ئەبێت لە هاندانی خوێندكار لە بەكارهێنانیدا و كەمكردنەوەی دڵەڕاوكێی لە كاتی پرۆسەی گەڕاندا.

وێنە سەرەڕای ئەوەی رۆڵی لە سەرنجراكێشان و هاندانی منداڵ هەیە لە بەكارهێنانی فەرهەنگدا، بەڵام هەر رۆڵێكی لاوەكی هەیە، بۆیە نابێت هەموو شتێك بێت و ئەو رۆڵە هەرە گەورەیەی هەبێت لە فەرهەنگدا و ئامانج لە

بەکارهێنانی تەنها ڕازاندنەوەی فەرهەنگ یا کتێب بێت، بەڵکو لە کاتێکدا دابنرێت کە شیکردنەوەی وشەکە پێویستی پێ بێت بۆ ڕوونکردنەوەی واتاکەی، یان ناسینەوەی یان هەستکردن بە وێنەی شتەکە.

لەو بڕوایەدا نین کە هیچ فەرهەنگێکی قوتابخانەیی وێنەی تێدانەبێت، هەروەها لەو باوەڕەشدانین، کە هەموو فەرهەنگسازێك وێنەکێش بێت، بۆیە فەرهەنگساز ئەبێ پێش وەختە جۆر و خەسڵەتی ئەو وێنەیە دیاری بکات. نرخی وێنە لە نرخی نموونەی ڕوونکراوەیی کەمتر نییە، و ناتوانێ هەموو شتێك کە پەیوەندە بە وشەوە وێنا بکات. هیچ شتێك جێی شرۆڤەکردن ناگرێتەوە و تەنها زمان ئەتوانێ دەربڕین لە هەموو شتێك بکات، کەچی وێنە ناتوانێ ئەو هەموو ئەرکە بکات. ئەوەی بە وێنە دەربڕینی لێ ئەکرێ کەمتر ڕوون ئەبێتەوە لەوەی کە شرۆڤەکردنی بۆ ئەکرێت. جگە لەوەش وێنە تەنها ئەو وشانە ئەتوانێ ڕوون بکاتەوە کە ڕەهەندێکی درکپێکراویی هەیە. (واتە ئەو وشانەی خاوەن تایبەتییەکی بەرجەستەیین). زانایانی زمانەوانی دەروونی ئەوەیان ڕوونکردەوە کە خوێندنەوەی پشت بەستوو بە وێنە، ئاسایی یارمەتی منداڵ ئەدات لە وێناکردنی وشەکە و ڕێگری لێ ئەکا لە بیرکردنەوە لەبارەی پیتەکان. بۆ نموونە منداڵ وێنەی (نەعل) لەوانەیە بە (پێڵاو) بیخوێنێتەوە.

هەروەها پێویستە ڕووبەر و شوێنی وێنە بەڕێکی و بە وردێتی دابنرێت، چونکە هەندێ جار وا پێویست ئەکات وێنەکە بچووك بێت و هەندێ جاریش گەورەبێت، بۆئەوەی وێنە ڕوون بێت و بە جوانی دیاربێت، پێویستیشە لە تەنیشت وشەکە دابنرێت. فەرهەنگساز ئەگەر ناچاربوو ئەتوانێ وێنەکان لە جێیەکی تر دابنێت و بە ژمارە یان بە هێمایەك ئاماژەی بۆ بکات. چونکە هەندێ جار لەبەر نەبوونی شوێن وێنەکان لە کۆتایی فەرهەنگەکەدا دائەنرێت و پێویستە پێش وەختە بزانێت چ کاتێك وێنەکە بچووك بێت؟ و چ کاتێك گەورەبێت؟ و یان لەوانەیە وێنەی هەر نەوێت. ( **احمد شفیق** الخطیب: ١٩٨٦: ٦٢٨).

زۆربەی فەرهەنگە کوردییەکان بە تایبەتی قوتابخانەییەکان وێنەیان کەم تێدایە،بۆ نموونە فەرهەنگی (**تریفە**) وێنەی ڕوونکراوەیی لەبەرانبەر هیچ دەروازەیەك دانەناوە، تەنها لەسەرەتای لاپەڕەی هەر پیتێك وێنەیەکی داناوە، بۆنموونە لە سەرەتای لاپەڕەی پیتی (ب) وێنەیەکی شاری (بەغدا)یان هێناوەتەوە، فەرهەنگی (**قوتابی**- ٢٠٠١ ) هیچ وێنەیەکی تێدا بەکارنەهاتووە، کەچی فەرهەنگی (**قوتابی**- ١٩٨٥) تا ڕادەیەکی باش وێنەی تێدا بەکارهاتووە.

ئەو ڕەگەزەش تا ئێستا جێی خۆی نەگرتووە و تێڕوانینمان بۆ وێنە تا ئێستا لە چوارچێوەی ڕازاندنەوە و جوانکاری خۆی ئەبینێتەوە. لەبەر هۆکاری دارایی زۆربەی داهێنەرەکان ئارەزووی ئەوە ئەکەن کە فەرهەنگەکانیان وێنەی تێدا نەبێت، لە هەمان کاتدا هەندێك لەوانە وێنەی بچووك بە ڕەنگی ڕەش و سپی دائەنێن، یان هەندێ جار هۆکارەکە ئەگەڕێننەوە بۆ نەتوانینی داهێنەر یان دەزگای چاپەمەنی ئەو وێنەیان دەست نەکەوێ، کە خزمەت بەو ئەرکە ئەکات، کە ئەیانەوێ دەربڕینی پێ بکەن، چونکە دانانی وێنەی ڕوونکراوەیی کارێکی ئاسان نییە و قورسە.

زۆرێك لەو وێنانە (فۆتۆگراف و دەستکردەکان)ی فەرهەنگ کەسانێك دای ئەنێن کە خاوەنی ئەزموون نین و بێ توانان، هەندێ خانەی چاپەمەنیش وێنەی خراپ و بێ سوود و بێ کەڵك دائەنێن، لەبەر ئەم هۆکارانە:

٢-١-٤- ١-**هۆکاری بازرگانیکردن**:

بۆئەوەی پارە خەرج نەکەن و قازانجێکی باشیان ببێت، نایانەوێت وێنە دابنێن، تا پارە لەو بوارەدا خەرج نەکەن.

٢-١-٤- ٢- **نەزانینی نرخ و گرنگی وێنە**:

باوەڕیان بەوە نییە، کە وێنە نرخی خۆی لە فەرهەنگدا هەیە، بۆیە تەنها هەندێ وێنەی سادە دائەنێن، یان لەوانەیە هەر لاشی بەرن لە فەرهەنگدا.

٢-١-٤- ٣- **وێنە جێ ئەگرێ**:

لەبەرئەوەی وێنە بچووك بێت یان گەورە جێگە ئەگرێ، بۆیە پێیان باشە شرۆڤە و لێكدانەوەی تێدابێت لە وێنە باشترە.(**بڕوانە : احمد شفیق** الخطیب: ١٩٨٦ :٦٢١).

لەوانەیە ئەو فەرهەنگانەی لە كاتێكی زۆر كۆندا بۆ خوێندكار یان منداڵ دانرابێت، ئەگەر زۆر پەنا بۆ وێنە و نەخشە و لەو شتانەشی نەبردبێت زۆر جێی نیگەرانی نەبووبێت، لەبەرئەوەی لەو كاتەدا لەوانەیە پەرەسەندنی ئامێر و تەكنەلۆجیا بەو شێوەیە نەبووبێت، بەڵام ئێستا ئەو هۆكارانە نەماون و ئامێری پێشكەوتوو و پەرەسەندنی تەكنەلۆجیا پێشكەوتووە، هەموو ئەو فەرهەنگانەی كە بۆ منداڵ، تەنانەت بۆ گەورەش تەرخان ئەكرێت، ئەبێ لەو شوێنەی گرنگ و پێویستە لێی دابنرێت و ڕەنگاوڕەنگیش بێت.(**بڕوانە : ابراهیم خلیل الحماش: ١٩٨٤ : ١٢٩**).

**٢-١- ٥- ڕەنگەكان:**

بەكارهێنانی ڕەنگ لە چاپەمەنییەكاندا ئامرازێكی بە هێزە لەژێر دەستی دەزگاكانی بڵاوكردنەوە، ئەركی سەرەكی بەكارهێنانی لە فەرهەنگدا یارمەتیدەری بەكارهێنەرێتی لە تێگەیشتنی وێنە و نەخشە و ...هتد. هەروەها وێنەی ڕەنگی بەوە جیاوازە لەوانی تر، كە تۆڕی چاو بەخێرایی وەری ئەگرێ و بەكارهێنەری فەرهەنگ وا لێ ئەكات جیاوازی لە نێوان ڕەگەزەكانی وێنە و جەختكردن لەسەر گرنگترینیان بكات، هەروەها چالاكی وێنە بەهێز ئەكات لەگەڵ ئەوەی یارمەتی خوێندكار ئەدات لەو وشەیەی كە بەدوای شرۆڤە یان لێكدانەوەكەی دەگەڕێ. كەچی وێنەیەك ئەگەر ڕەنگاوڕەنگ نەبێت، ئەو ڕۆڵەی خۆی بەتەواوی نابینێت، لەبەرئەوەی وا لە بەكارهێنەری فەرهەنگ ئەكات ماندووبێت لە وێناكردن و تێڕوانینی ڕەنگەكان و لێكدانەوەیان و لەوانەیە تووشی هەڵەشی بكات. كەوای لێدێت وێنەكە لە بیریدا بشێوێنێت.

بەكارهێنانی ڕەنگ لەبەر هەر هۆكارێك بێت، ئەبێتە مایەی سەرنجڕاكێشانی خەڵك بە گشتی و منداڵ و خوێندكار بە تایبەتی. لەگەڵ ئەوەشدا ئەبێت بە ئاگادارییەوە مامەڵە لەگەڵ ڕەنگ و بەكارهێنانیدا بكەین، چونكە ڕەنگ تەنها بۆ ئەوە نییە وێنەكەی پێ ڕەنگ بكرێ و تەواو، بەڵكو بەشێكی لێكدانەبڕاوی واتاكەیەتی، بۆیە ئەبێ بەپێی ئەركەكەی بەكاربهێندرێت، ئەبێ ڕەنگی سروشتی هەڵبژێردرێت بۆ ئەو شتەی وێنەی بۆ دەكێشرێ، یان وێنەی دەگیرێ، بۆ نموونە ناكرێت باڵندەیەكی وەك (قەلەڕەشكە) بە ڕەنگی (پەمبە)یی یان (سوور) یان (پرتەقاڵی) ڕەنگ بكەین، لەپێناو ئەوەی بڵێین كە جوانە یان زیاتر سەرنجی خوێنەر ڕائەكێشێ لە ڕەنگی ڕەش، كە ڕەنگی ڕاستەقینەی باڵندەكەیە. ڕەگەزێكی سەرەكی ناسینەوەشێتی، پاشان بەكارهێنانی ڕەنگ بە ڕێگەیەكی ئەركی و واتادار یارمەتی خێراتێگەیشتن ئەدات و پەیوەندی نێوان ڕەگەزەكانی وێنە ڕوون ئەكاتەوە.

زیادەڕۆیی لە بەكارهێنانی ڕەنگ یان بۆ داپۆشینی نەنگییەكانی فەرهەنگ بێت، لایەنی خراپەی زیاتر ئەبێ لە چاكە بە تایبەتی لە بەرگەكەیدا، چونكە ڕوخساری فەرهەنگەكە تێك ئەدات و سەرنجی خوێنەر ئەشێوێنێ و بینینی ماندوو ئەكات ((بەمەش ئەگەینە ئەو حوكمەی كە بایەخدان و گرنگیدان لە هەڵبژاردنی ڕەنگەكان و بەكارهێنانی لە فەرهەنگدا بەپێی پێویستی بەكارهێنەر و تەمەنی، بارێكە نابێت نەكرێت)).(ابن حويلي الاخضر ميدني: ٢٠٠٩ : ١٧٥).

ئەگەر سەیری هەندێ لە فەرهەنگەكان بكەین، دەبینین كە ڕەنگی ڕەش لە نووسیندا بەكارئەهێنن، ئەوەش باشترین ڕەنگە لەبەرئەوەی لەسەر وەرەقەی كاغزی سپی چاپ ئەبێت، بەڵام دەروازەی زۆربەی فەرهەنگەكان بە ڕەنگی سوور ئەنووسرێ، لەپێناو ئەوەی جوانتر دیاربێ و دەربكەوێ، زۆربەی فەرهەنگە كوردییەكان بایەخیان بە كاریگەریی ڕەنگ نەداوە لە وروژاندنی ئارەزووی خوێندنەوە لە لای خوێنەر و خولقاندن و هەستپێكردن بە جوانی فەرهەنگ لە لایان، هۆكارەكەشی لەوانەیە ئەوەبێت باوەڕیان بە كاریگەری ڕەنگ نەبێت لە پرۆسەی فەرهەنگسازیدا، یان هەندێ جار دەزگا چاپەمەنییەكان گرنگیان بە بایەخی ڕەنگ نەداوە، هەروەها هۆكاری داراییش، لەبەرئەوەی بەكارهێنانی ڕەنگ لە وێنەی فەرهەنگە قوتابخانەییەكاندا پارەی زۆری دەوێت، ئەمەش

ئەبێتە هۆی ئەوەی زۆربەی دەزگا چاپەمەنییەکان لە پێناو قازانجی خۆیاندا ڕەنگ لە وێنەکاندا بەکارنەهێنن. ئەگەر سەیری فەرهەنگی (**قوتابی – ١٩٨٥**) بکەین لەڕووی ڕەنگی دەروازەکان تەنها ڕەنگی ڕەشی بەکارهێناوە، و فەرهەنگی (**قوتابی – ٢٠٠١**)یش بەهەمان شێوەیە، کەچی فەرهەنگی (**تریفە – ٢٠٠٨**) دەروازەکانی بە ڕەنگی پەمبەیی نووسیوە.

لە پێناو سێ بار ڕەنگەکان دەخرێنە سەر بەرگی فەرهەنگەکە قوتابخانەییەکان، وەك:

٢-١-٥- ١- **هێما**:

ئەویش گونجاندنی ڕەنگی بەکارهاتووە لەسەر بەرگی فەرهەنگەکە بۆ تەمەن و باری دەرونی بەکارهێنەری، چونکە هەر ڕەنگێك ئاماژە بۆ واتایەك ئەکا.

٢-١-٥- ٢- **ئامرازی ڕوونکەرەوە**:

وەك ڕەنگکردنی وێنە و وێنەکێشراوەکان بە ڕەنگە ڕاستەقینەکانی خۆی.

٢-١-٥-٣- **ئامرازی جەختکردنەوە**:

لەبەرئەوەی ڕەنگەکان سەرنجراکێشن و هەندێ خاڵی ڕەچاوی بەکارهێنانی ڕەنگەکان هەیە لەسەر بەرگی فەرهەنگەکە قوتابخانییەکان، ئەبێ ڕەچاوبکرێت، لەوانەش:

٢-١-٥-٣- ١- **گونجاندنی ڕەنگ لەگەڵ ئاستی فەرهەنگەکە**:

فەرهەنگی وێنەداری تەرخانکراو بۆ منداڵ پێویستی بە ڕەنگی جۆراوجۆر هەیە. هەر ڕەنگێك کۆمەڵێك هێما و واتاو تایبەتی خۆی هەیە، بۆ نموونە ڕەنگی زەرد چالاکی بە (کۆئەندامەکانی دەمار) ئەبەخشێ، ڕەنگی شین ئاماژە بۆ ئارامی و ڕوونی ئەکا، ئەو ڕەنگە هانمان ئەدا بۆ دۆزینەوە و دەسکەوتی زانیاری، ڕەنگی سووریش هێمایە بۆ وزە و چالاکی و جووڵە. ئەم ڕەنگانە بە زۆری لە فەرهەنگەکاندا بەکاردێن.

٢-١-٥-٣- ٢- **ڕووبەر**:

ڕەنگەکان کاریگەرییان بە پێی دووری و نزیکی چاوی بینەر دەرئەکەوێ، ئەویش بە پێی ئەو ڕووبەرەی هەر ڕەنگێگ لەسەر بەرگی فەرهەنگەکەدا هەیەتی.

٢-١-٥-٣- ٣- **دانانی ناونیشان**:

ناونیشان ئەبێ لە ناوەڕاستی بەرگەکەدا بێت و بەخەتێکی دیار و ڕوون نووسرابێت و گەورەبێت و ڕەنگەکەشی لەگەڵ ڕەنگی باگراوەندەکەی کە نووسراوی لێکراوە گونجاوبێت.

٢-١- ٦- **قەبارە**:

قەبارەی فەرهەنگ بریتییە لە درێژی و پانی، کە پەیوەندە بە پلەی برین و ئەستوورییەوە هەیە، کە ئەویش بەندە بە ژمارەی لاپەڕەکان و جۆری کاغەزی بەکارهاتوو.( **نجیب احمد: ١٩٩١: ١٦١**). قەبارەی فەرهەنگ بەندە بە کۆمەڵێك فاکتەر، لەوانەش:

١- ڕێژەی بابەتە زمانییەکەی کە لەناو فەرهەنگەکەدا دانراوە، واتە ژمارەی دەروازەکان و ڕێگەی شرۆڤەکردنی ڕەچاوکراو.

٢- قەبارەی پیتە بەکارهاتووەکان.

٣- ڕێژەی سپێتی نێوان ستوون و ڕیز و پەراوێزەکاندا.

٤- ئەستووری کاغەزی بەکارهاتوو.

لە فەرهەنگدا قەبارەی جۆراوجۆر هەیە، بەڵام هەڵبژاردنی یەکێکی لەسەر ئەوەی تر، بۆ بنەمایەکی زانستی یان دەروونی ناگەڕێتەوە، بەڵکو بارێکە پەیوەندی بە بیر و بۆچوون و ڕای نووسەرەکەوە هەیە، یان پەیوەندی بە ئارەزووی دەزگاکانی چاپەمەنییەوە هەیە. وا باشترە کە فەرهەنگی قوتابخانەیی ((قەبارەیەکی بچووك و کێشێکی سووکی هەبێت و هەڵگرتنیشی ئاسان بێت، بەراورد بە فەرهەنگی گشتی، ئەمەش کارئاسانی بۆ منداڵان ئەکا و ڕایان ئەهێنێ لە بەکارهێنانی چ لە قوتابخانە یان کتێبخانە یان لە ماڵدا)).(**احمد محمد المعتوق: ١٩٩٦: ٢٢٦**). بەڵام

هەندێك ڕاوبۆچوونی پێچەوانەی ئەمەش هەیە، ئەوە دەبینن كە جیاوازی نێوان فەرهەنگی گەورەكان و فەرهەنگی تەمەنە بچووكەكان لە چۆنێتی یان ناوەرۆكەكەیەتی.

فەرهەنگێك قەبارەی بچووك بێت لە ژمارەیەكی دیاریكراوی وشە و واتای دیاریكراوی بەكارهاتوو پێكدێت، بۆیە زانیارییەكانی كەمتر جۆراوجۆر و كەمتر وردتر ئەبێت. یەكێ لەو ئەنجامە گرنگانەی كە زانایانی پەروەردەیی پێی گەیشتوون لە كاتی لێكۆڵینەوەیان لە فەرهەنگە قوتابخانەییەكاندا ئارەزووكردن و حەزی بچووكەكانە لە بەكارهێنانی تایبەتمەندییە ئەركییەكانی شتەكان، زیاتر لە بەكارهێنانی هێماكردن بۆ تایبەتمەندییە هەستپێكراوەییەكەی، ئەوان زیاتر ئاشنای ئەو زانیارییە دركپێكراوەن لە ڕێی هەستەكانەوە زیاتر لەو زانیاریانەی كە هەڵگری تایبەتمەندیی ئەركین، كە ئەویش قەبارەی فەرهەنگەكە زیاد ئەكات كە ئاراستەی خوێندكار ئەكرێت، بەمەش ئەو وێناكردنە هەڵەیان ڕاستكردەوە، كە ئەیانوت خوێندكاران پێویستیان بە فەرهەنگی بچووكە.( **بڕوانە : احمد مختار**:١٩٩٨: ٤٤-٤٥).

ئەو فەرهەنگانەی كە بۆ بواری قوتابخانە داهێنراون یان وەرگێڕدراون بە شێوازێكی هاوتەریب لەگەڵ پەرەسەندنی بواری چاپ و هونەری دەرهێناندا ناڕوات، هەروەها بەپێی مەرج و لایەنەكانی دەرهێنانی یان چاپی كتێب و چاپكراوەكانی تردا ناڕوات، بە تایبەتی ئەوانەی كە ئاراستەی خوێندكارانی تەمەنی بچووك كراون و هیچ تایبەتمەندییەكی منداڵ و پێكهاتە دەروونی و فكرییەكانی تێدانییە، ڕەچاوی ئارەزووەكانی منداڵ و پێویستیەكانی ناكات.

زۆربەی فەرهەنگەكان لەگەڵ بەكارهێنەرەكەی ناگونجێت و وێنەكانی ناویشی بچووكە و ڕەنگاوڕەنگ نین. فەرهەنگە كوردییەكان بەراورد بەو فەرهەنگانەی كە لە دەرەوە هەن، بەتایبەتی ئەوروپا لەو ئاستەدا نییە، كە دانەرەكانیان بایەخ بە دەرهێنانی ئەدەن لە جوانی بەرگ و وێنە و جۆری كاغەز و ڕێكخستنی كەرەسەكە و پۆلێنكردنی دەروازەكان، فەرهەنگی (**تریفە**) كێشەكەی تا ڕادەیەك قورسە و هەڵگرتنیشی تا ڕادەیەك ناخۆشە، كەچی فەرهەنگی (**قوتابی** – ٢٠٠١) هەڵگرتنی سووكە و كێشەكەشی قورس نییە، تەنها ئەوەی ژمارەی دەروازەكانی كەمە، كەچی فەرهەنگی (**قوتابی** – ١٩٨٥) بەهەمان شێوەی فەرهەنگی (**تریفە**)یە.

دواكەوتنی كورد لە گۆڕەپانی چاپكردندا دەگەڕێتەوە بۆ:

- كەمی پارەی تەرخانكراو بۆ بواری چاپ و چاپكردن و چاپەمەنی.
- كەمی ئامێر لە خانەكانی بڵاوكردنەوە.
- بەشدارینەكردنی داهێنەر و وێنەكێش لە پرۆسەی دەرهێنانی چاپەمەنیدا.
- نەبوونی پسپۆری تایبەت بە چاپ و وێنە ودەرهێنانی وێنە و پێویستییەكانی منداڵ .

پێچەوانەی ئەو خاڵانەی كە لەسەرەوە باسكران، دەبینین كە خانە چاپەمەنییەكانی خۆرئاوا زۆر پێشكەوتوون و پەرەیانسەندووە – هەروەها بایەخدانی ئەوان بە منداڵ زۆر لە پێش ئەو بایەخدانەی ئێمەوەیە و ڕچاوی هەموو بارێكی منداڵ ئەكەن لە ڕووی (دەروونی و كۆمەڵایەتی و ئابووری و ...هتد). لێرەدا نامانەوێت لە نرخی فەرهەنگ و بایەخدانی خۆمان كەم بكەینەوە، بەڵكو لەگەڵ ئەوەشدا كاری باشكراوە لە بواری دانانی فەرهەنگی منداڵان و بایەخدان بە لایەنی دەرونی و كۆمەڵایەتی و ئابووریان.

لە كۆتاییدا دەڵێین سەرەڕای بایەخدان بە گرنگیی دەرهێنانی فەرهەنگی قوتابخانەیی، بەڵام لە هەمان كاتیشدا نابێت بەو شێوەیە بایەخی پێ بدەین بە پلەیەك ناوەرۆكەكەی پشت گوێ بخەین، كە هەندێ كەس و دەزگاكانی چاپ بایەخ بە لایەنی ڕوخساری فەرهەنگەكە زیاتر لە ناوەرۆكەكەی ئەدەن ((...لە چاپە بازرگانیە ڕەنگ و قەبارە جیاوازییەكا ندا...ئەمەش ئەوەبوو كە لەسەر حسێبی كۆنترۆڵی بابەتەكەی و ڕاستكردنەوەكانی بوو، بەوەش نرخی زیادیكرد و پێگەی لە نێوان فەرهەنگەكانی تردا هاتە خوارەوە)).( **عباس الصوری**: ١٩٩٨: ١٧). ، لە ئاكامی ئەو گۆڕانكارییە هەڵانەی كە تێیدا كرا ( ... لەسەر دەستی هەندێ میراتگر كە نەیانزانی چۆن ئەو میراتگرییە بە جوان و ڕێك و شێوازێكی ڕاست بەكاربێنن). ( **مازن المبارك**: ١٩٧٩ ١٦٥).

**٢-٢- ناونیشان:**

دانانی ناونیشانێکی گونجاو بۆ هەر فەرهەنگێك، یا هەر سەرچاوەیەکی تر، کارێکی گرنگ و پێویستە و لە زۆربەی بارەکانیشدا بە خاڵێکی سەرنجڕاکێش دائەنرێت، بەشێکی هەرە گرنگی هەر فەرهەنگێکە، لەبەرئەوەی خوێنەر پێش خوێندنەوەی ناوەڕۆك، چاو ئەخشێنێ بە ناونیشانەکەدا. نەك هەر لە فەرهەنگ بەڵکو لە هەموو نووسراوێکدا ناونیشان بە خاڵێکی گرنگ ئەژمێردرێت، ناونیشانیش لەوانەیە وشەیەك یان دوو وشە یان دەستەواژەیەك بێت. ناونیشان پوختەیەك یان ئەنجامی دەقێکمان پێنادا، بەڵکو وەك کلیلێك وایە کە دەرگای ژووری ماڵێکی پێ ئەکەینەوە، هەروەها ئارەزووی خوێندنەوە و نەخوێندنەوەی دەقێکمان لەلا پێ ئەبەخشێ.

هەندێ لە نووسەران هەوڵەدەن ناونیشانی سەرنجڕاکێش دابنێن پێش نووسینی بابەتەکەیان، هەندێ جار ناونیشانی سەرنجڕاکێش هەیە، بەلاّم ناوەڕۆکەکەی پێچەوانەی ناونیشانەکەیە و لەگەڵ ناونیشانەکە یەکناگرێتەوە. بۆیە ئەبێ ناونیشانی فەرهەنگەکانیش لەگەڵ تەمەن و قۆناغ و پێکهاتەی ناوەڕۆکی بابەتەکە گونجاوبێت و لە چوارچێوەی ئەو بابەتە زمانییەبێت کە بۆی دانراوە .

ناونیشانەکانیش هەندێ جار لە یەك وشە پیکدێت و هەندێ جاریش لە دوو وشە پێکدێت، وەك: (**فەرهەنگی قوتابی**) و (**فەرهەنگی تریفە**) کە ناونیشانەکانیان لەگەڵ ناوەڕۆك و ڕوخساری فەرهەنگەکە گونجاوە. لەژێر ناونیشانەکەش ناوی داهێنەر و دەزگای چاپ و بلاّوکردنەوە و ساڵەکە ئەنووسرێ. ناونیشان ئەرکی زۆری هەیە و لە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی تر جیاوازە، گرنگترین ئەرکیشی کە گشت جۆرەکانی فەرهەنگ بەشداری تێدا ئەکەن، ئەرکی ئاگادارکردنەوە و سەرنجڕاکێشانە، چونکە هەندێ لە کتێبەکان ناونیشانەکانیان بووەتە هۆی بلاّوبوونەوەیان و کڕینیان.

<u>ناونیشانی فەرهەنگ سەرنجی خوێنەر بۆ دوو باری گرنگ ڕائەکێشێ:</u>

١- **ڕوخسارەکەی**: بەخەتێکی جوان و دیار نووسرابێ و ڕەنگی جوان بێت.

٢- **واتاکەی**: واتای فەرهەنگ بە دوو ڕێگە لێی دەکۆڵدرێتەوە:

أ- واتای فەرهەنگ زمانی وەك وشەیەکی سەربەخۆ لە فەرهەنگدا.

ب- واتای فەرهەنگ وەك پێکهاتەیەك پەیوەندی بە نووسەرەکە و ئەو بابەتەی کە ئەو پەیوەندییە هەڵ ئەگرێت. لەم بارەدا وەك ناو و ناولێنراوی لێ دێت، کە پەیوەندییەکی هەڵاّوگێڕیان هەیە، هەر یەکێکیان ئاماژە بۆئەوەی تریان ئەکات (ناونیشان ئاماژە بۆ فەرهەنگ ئەکات و فەرهەنگیش ئاماژە بۆ ناونیشان ئەکات).

**٢-٣- پێشەکی فەرهەنگ:**

هەر کتێبێك یان هەر سەرچاوەیەك لەهەر جۆر و بابەتێك بێت، ئەبێ پێشەکییەکی بۆ دابنرێت و لەوێوە دەست پێبکات و کۆمەڵێك خاڵی پێویست و گرنگ لەخۆبگرێت، فەرهەنگیش بەهەمان شیوە ئەبێ پێشەکییەکی بۆ دابنرێت و ئەو زانیارییانەی کە پێویستە بنووسرێت، لەوانەش:

- ئامانج لە فەرهەنگ چییە؟
- ئەو ڕێبازەی لە پۆلێنکردنی بابەتەکانی فەرهەنگدا بەکارهێنراوە، کامەیە؟ تایبەتمەندییەکانی چییە؟
- ئەو توێژەی کە بۆی نووسراوە.
- لیستێك بە ڕەمز و کورتکراوەکان و وێنە و نەخشەکە یارمەتی خوێنەر ئەدات لە خوێندنەوەیەدا.
- لیستێك بە ناوی ئەو سەرچاوانەی کە لەو فەرهەنگەدا سوودیان لێ بینراوە.(**بڕوانە: احمد مختار عمر**: ١٩٩٨: ١٠٥ و د.**علي القاسمي**:١٩٩١ :١٦٨).

بێجگە لەو زانیارییانەش، ئەکرێت هەر فەرهەنگێك، بە تایبەتی لە پێشەکییەکەیدا زانیاری لە بارەی (زمان و تایبەتییەکان) و (فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی و سینتاکسی و واتاسازی) و (چۆنێتی ڕێکخستنی

دەروازەكان)...ەوە تێدابێت.(**سەنگەر عەلی مامە**:٢٠١٣: ٩٨). بۆ نموونە فەرهەنگی (**قوتابی** – ٢٠٠١) یەك لاپەڕەی تەرخان كردووە بۆ پێشەكی ئاماژەی بۆ هیچ خاڵێكی گرنك نەكردووە. هەروەها فەرهەنگی (**تریفە**)ش ئاماژەی بۆ هەندێ لەو زانیارییانە كردووە، كە ئەبێت لە پێشەكی فەرهەنگدا هەبێت، ئەو توێژەی دیاركردووە، كە بۆی داینراوە، هەروەها ئامانجی فەرهەنگەكەی دیاریكردووە وهۆكاری هەڵبژاردنی ناوی (**تریفە**) بۆ ناونانی فەرهەنگەكە و ئاماژەشیان بەوە كردووە، كە ئەم فەرهەنگە زیاتر لە شەش هەزار لەخۆئەگرێ. كەچی فەرهەنگی (**قوتابی** – ١٩٨٥) لەبەرئەوەی بۆ زمانی ئینگلیزی – كوردی دانراوە، بەپێی ئەو تایبەتمەندییە لە پێشەكییەكەیدا ئاماژەیان بۆ ئەم خالآنە كردووە: (پێشەكی: لێرەدا چۆنێتی بەكارهێنانی فەرهەنگەكەیان ڕونكردۆتەوە. هێمای بزوێنەكان و هێما ی بزوێنە دوو دەنگییەكان و هێمای نەگۆڕەكانی تایبەت بە زمانی ئینگلیزی، جیاكردنەوەی واتا جیاوازەكانی وشەیەك، خستنەسەرە پێوانییەكان و پاشگرەكان و بەكارهێنانیان – لە زمانی ئینگلیزی – ئەو كورتكراوانەی كە لەو فەرهەنگە بەكارهێنراون و چۆنێتی دۆزینەوەی واتای وشەكان و ئاماژەش بە دوو پاشكۆی زاراوە زانستییەكان و وێنە ڕوونكراوەییەكان كراوە).

ئەو زانیاریانەی كە لەسەرەوە باسكران، زۆر گرنگە لە پێشەكی هەر فەرهەنگێكدا هەبێت و گرنگی و سوودی زۆر ئەبەخشێ بە خوێنەر، بۆیە ((پێویستە خوێندكار بۆ نموونە فێری ئەوەبێت كە پێشەكی فەرهەنگ بخوێنێتەوە، بۆئەوەی ئاگای لە پلانی داهێنەرەكە هەبێت و ڕەمز و هێماكورتكراوەكان و زاراوەكانی فەرهەنگسازی بەكارهاتوو بناسێتەوە)).(**د.علی القاسمی**:١٩٩١: ١٦٤).

هەندێ لە فەرهەنگەكان چەند لاپەڕەیەك تەرخان ئەكەن بۆ فەرهەنگەكەكانیان و هەندێكی تریش لاپەڕەیەكی زۆر زۆر تەرخان ئەكەن، بۆ نموونە ئەگەر سەیری (قاموسی زمانی كوردی)ی مامۆستا زەبیحی بكەی نزیكەی (١١٠) لاپەڕەی بۆ كاری فەرهەنگ و زمانی كوردی و چۆنێتی نووسینی و فەرهەنگ و دەنگەكانی زمانی كوردی تەرخانكردووە ...هتد.(**بڕوانە: عبدالرحمن محمد امین زەبیحی** : ١٩٧٧: ل١-١١٠ )، كەچی مامۆستا گیوی موكریانی پێنج لاپەڕەی تەرخان كردووە بۆ فەرهەنگی (كوردستان).

نووسینی پێشەكی بەشێوەی جیاواز ئەنووسرێت، هەندێك هەیە خۆی ئەینووسێ، هەندێكی تر كەسانی تری خاوەن ئەزمون بۆی ئەنووسن، هەشە دەزگاكە خۆی پێشەكی بۆ ئەنووسێ، جار واش هەیە پێشەكی دەزگا و پێشەكی نووسەرەكە پێكەوە دائەنرێت. پێشەكیش ئەبێ ئەم خالآنەی خوارەوە لەخۆبگرێت:

**٢-٣-١- ئامانج لە فەرهەنگ:**

زۆر گرنگە داهێنەری فەرهەنگ ئامانجی فەرهەنگەكەی دیاری بكات و ڕوون بێت، لەبەر چ هۆیەك دانراوە و بۆ و بۆ چ ئاستێك یان توێژێك یا قۆناغێكی تەمەن دانراوە و بە كام دیالێكت یا شێوەزار نووسراوە. هەر سێ فەرهەنگە كوردییەكە ئامانجیان لە دانانی دیاریكردووە، كە ئەویش سوودگەیاندنە بە خوێندكاران، بەڵام ئاست و قۆناغیان دیاری نەكردوە، بەڵكو بەشێوەیەكی گشتی بۆ قۆناغەكانی سەرەتایی و بنەڕەتی و دواناوەندی دانراون.

**٢-٣-٢- ڕێبازی ڕیزكردنی دەروازەكانی فەرهەنگ:**

گرنگە ئەو ڕێبازە دیاری بكرێت كە وشە یا دەروازەكانی پێ ڕیز ئەكرێت، بۆئەوەی خوێنەر بە ئاسانی وشەكان بدۆزێتەوە. فەرهەنگی (**تریفە**) و فەرهەنگی (**قوتابی** – ١٩٨٥) ئاماژەیان بۆ ئەو ڕیبازە كردووە، كە فەرهەنگەكەیان پێ ڕیزكردووە و چۆنێتی دۆزینەوەی وشەكانیشیان دیاریكردووە. كەچی فەرهەنگی (**قوتابی** – ٢٠٠١ ) ئاماژەی بە ڕیباز و چۆنێتی دۆزینەوەی وشەكان نەكردووە.

**٢-٣-٣- ئەو قۆناغەی بۆی دانراوە:**

هەندێ فەرهەنگ هەیە بابەتەكانی تایبەت ئەكا، بە توێژێك هەشە بە گشتی دای ئەنێ.بۆیە گرنگە توێژەكەی بۆی دانراوە دیاری بكرێت. لەو سێ فەرهەنگەدا بە گشتی ئەڵێن هەموو خوێندكاران سوودی لێ ئەبینن، واتە خوێندكارانی قۆناغەكانی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی.

زۆربەی – ئەگەر هەمووی نەبێت – ئەو فەرهەنگانەی کە بۆ خوێندکاران دانراون، قۆناغ و ئاستیان دیاری ناکات، کە بۆ چ قۆناغێکی خوێندن دانراوە، بەڵکو لەبەرگەکەی ئەنووسرێ بۆ هەموو خوێندکاران دانراوە، پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا ئەکرێ فەرهەنگێك بۆ گشت قۆناغ و ئاستەکانی خوێندنی خوێندکاران گونجاوبێت؟ بۆ لە پێشەکی فەرهەنگەکاندا ئەو خاڵە دیاری ناکرێت؟ لەوانەیە ئەوەش بۆ ئەم هۆکارانە بگەڕێتەوە:

١- مەبەستی فرۆشتن و قازانجکردن(بازرگانی)بێت.

٢- شارەزانەبوونی داهێنەرەکانی بە پێویستییە زمانییەکانی هەر قۆناغ و تەمەنێك، چونکە لێکۆڵینەوەیەك نییە تایبەت بێت بەو بابەتانەی کە هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی خوێندن پێویستی پێیەتی و ئەخوێندرێت.

**٢-٣- ٤- ڕێبەری بەکارهێنان و ئامۆژگاری بەکارهێنانی فەرهەنگ و ڕەمز و هێماکورتکراوەکان:**

ئامادەکردنی لیستێکە، کە ڕەمز و هێمای کورتکراوەی بەکارهاتوو لە فەرهەنگەکە لەخۆئەگرێت و لە پێشەکی یان لە لاپەڕەیەك لەسەرەتای فەرهەنگەکەوە دائەنرێت، نموونەیەکیش بۆ هەر یەکێکیان دائەنرێت، تا خوێنەر بتوانێت لەناو فەرهەنگەکەدا لێی تێ بگات.(د.علي القاسمي:٢٠٠٣: ١١٧). ئەمەش خاڵێکی گرنگە، کە خوێنەر بزانێت چۆن وشەکان بدۆزێتەوە و بە ئاسانی پێیان بگات. ئەو ڕەمز و هێماکورتکراوانەش ئەبێتە هۆی ئەوەی فەرهەنگەکە قەبارەی گەورەنەبێت، لەهەمان کاتیشدا کاری چاپ ئاسان ئەکات. فەرهەنگی (**قوتابی** -١٩٨٥) ئاماژەی بۆ ئەو هێما و ڕەمز و کورتکراوانە و چۆنێتی بەکارهێنانیان کردووە، کەچی هەردوو فەرهەنگی (**تریفە**) و (**قوتابی** – ٢٠٠١) ئاماژەیان بە هێما و کورتکراوەکان نەکردووە.

**٢-٣-٥- لاپەڕەی سەرچاوەکان:**

ئەبێ ناوی ئەو سەرچاوانە بنووسرێت کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە کۆکردنەوەی ئەو زانیارییانە سوودیان لێ بینراوە. فەرهەنگی (**قوتابی**- ١٩٨٥) کە (٢٧٢)یە لەو فەرهەنگەی کە لامانە، ئاماژەیان ئەوەی تیانییە کە سوودی لەکام کتێب و سەرچاوە بینێبێت، هەروەها فەرهەنگی (**قوتابی** – ٢٠٠١)یش ئاماژەی بۆ هیچ سەرچاوەیەك نەکردووە، کە سوودی لێ بینێبێت، کەچی فەرهەنگی (**تریفە**) ئاماژەی بە هەشت فەرهەنگ کردووە، کە لە دانانی فەرهەنگەکەیدا سوودی لێ بینیوە.

**٢-٤- پاشکۆکان:**

پاشکۆکان ئەو لاپەڕانەن کە لە کۆتایی فەرهەنگەکەدا دائەنرێت و زانیاری زیاتر بە خوێنەر ئەبەخشێ، هەندێ جاریش زانیاری زۆر گرنگی تێدایە، کە لەوانەیە لە زانیاری ناوەرۆکەکە کەمترنەبێت، ئەگەر زیاترنەبێت. پاشکۆکانیش بەپێی بابەتەکە دائەنرێت، جار وا هەیە نووسەر ئەم بابەتانە لە کۆتایی فەرهەنگەکەیدا دائەنێت:

١- ناوی گرنگترین زاراوە و کورتکراوەکان.

٢- زانیاری گشتگیری، وەك: (وەرزەکانی ساڵ، ڕۆژانی هەفتە، ناوی مانگەکان، ناوی دراوەکان، زانیاری جوگرافی...هتد).

٣- ناوی دامودەزگاکانی میری.

٤- ناوی هەندێ لە کەسایەتییە ناسراوەکان و شوێن و شوێنەوارەکان.

٥- ناوی هەندێ لە باڵندە و ڕووەك و ئاژەڵ و ...هتد.

٦- وێنەی هەندێ لەو شتانەی کە گرنگن بۆ خوێندکار.

هەردوو فەرهەنگی (**تریفە**) و (**قوتابی** -٢٠٠١) لە کۆتایی فەرهەنگەکانیان هیچ پاشکۆیەکیان دانەناوە، کەچی فەرهەنگی (**قوتابی** – ١٩٨٥) لە کۆتایی فەرهەنگەکەیدا لە پاش لاپەڕە (١٨٨)ەوە دوو پاشکۆی داناوە، یەکێکیان بۆ زاراوە زانستییەکان، کە (٣١) لاپەڕەیە و ئەوی تریان بۆ وێنە ڕوونکەرەوەکانە، کە (٥٢)ی لەخۆگرتووە.

**ئەنجامەکان:**

**١- زمانی كوردی پێویستی بە فەرهەنگێكی قوتابخانەیی پلەبەندی هەیە، كە هەر دانەیەكی لەگەڵ تەمەنێك یا قۆناغێكی خوێندندا هەر لە دایانگەوە تا زانكۆ گونجاوبێت.**

**٢- سەرچاوەكانی دەوڵەمەندكردنی كەرەسەی زمانەوانی خوێندكار تەنیا فەرهەنگ نییە، بەڵكو كۆمەڵێك هۆكاری تریش هەن، لەوانەش: (پەیوەندی كۆمەڵایەتی ، قوتابخانە، كتێبەكانی قوتابخانە، فەرهەنگە قوتابخانەییەكان).**

**٣- فەرهەنگی قوتابخانەیی ئەبێ كۆمەڵێك لەو ئەرك و ئامانجانە پێشكەش بكات، كە نرخ و گرنگیی وەك ئامرازێكی پەروەردەیی و فێركاری زیادبكات.**

**٤- لە دانانی فەرهەنگی قوتابخانەییدا ئەبێت كۆمەڵێك مەرجی تایبەتی تێدابێت .**

**٥- فەرهەنگی قوتابخانەیی تەواوكەری یا كورتكراوەی فەرهەنگی گشتی نییە، بەڵكو فەرهەنگێكی ڕێكخراوی ڕیزبووی تایبەتە و خاوەنی كۆمەڵێك خەسڵەتە كە لە فەرهەنگەكانی تردا جیای ئەكاتەوە.**

**٦- فەرهەنگی قوتابخانەیی بە گشتی و فەرهەنگی قوتابخانەیی زمانی كوردی بەتایبەتی نەیانتوانیوە تا ئێستا پێویستییە زانستی و دەروونی و ڕۆشنبیری و كۆمەڵایەتییەكانی خوێندكاران بەتەواوی پڕ بكەنەوە.**

**٧- لە دانان و نووسینی وشەكان لە فەرهەنگی قوتابخانەییدا ڕەچاوی تەمەنیان نەكردووە، چونكە ئەبێتە هۆیەك بۆ وردێتی و هەڵبژاردنێكی ڕاستی بابەتی فەرهەنگەكە.**

## سەرچاوەكان:

**- بە زمانی كوردی:**

**١- د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف(١٩٨٧)، لە بواری فەرهەنگنووسیی كوردیدا، بەغدا.**

**٢- حسێن یارە احمد و عوسمان علی محمود و سالم محمد علی و یوسف شمعون داود(٢٠٠٨)، فەرهەنگی تریفە (كوردی – عەرەبی – ئینگلیزی)، چاپی یەكەم، چاپخانەی (العربية)، لبنان – بیروت.**

**٣- شكۆفە حسێن محمد صالح(٢٠١٧)، هەڵسەنگاندنێكی زمانەوانی فەرهەنگنووسیی كوردی (فەرهەنگەكەی زەبیحی بە نموونە)، نامەی ماستەر(بڵاونەكراوەتەوە)، زانكۆی ڕاپەڕین- كۆلێژی پەروەردە.**

**٤-عبدالرحمن محمد امین زەبیحی(١٩٧٧)، قامووسی زمانی كوردی، بەرگی یەكەم (ئـ)، چاپخانەی كۆڕی زانیاری كورد، بەغدا.**

**٥- علی حمد عثمان(٢٠١٦)، ئاستەكانی زمان لە فەرهەنگی كوردیدا(فەرهەنگی یەك زمانیی زاری كرمانجیی ناوەڕاست وەك نموونە)، نامەی ماستەر (بڵاْنەكراوەتەوە)، فاكەڵتی ئاداب، زانكۆی سۆران.**

**٦-لیژنەكانی وەزارەتی پەروەردە(١٩٨٥)، فەرهەنگی قوتابی(ئینگلیزی – كوردی)، چاپی یەكەم، چاپخانەی (دار افاق عربیە)، بەغدا.**

**٧- لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە(٢٠٠١)، فەرهەنگی قوتابی(كوردی – عەرەبی)، چاپی یەكەم، چاپخانەی (الوفاق)، بەغدا.**

**٨- د.محەمەد مەعرووف فەتاح(٢٠٠١)، زمانەوانی و فەرهەنگسازی و دەوڵەمەندكردنی دەروازە فەرهەنگییەكان، گۆڤاری ((نووسەری نوێ))، ژمارە (١٩)، كانوونی یەكەم، هەولێر.**

**- بە زمانی عەرەبی:**

١ -ابراهيم خليل الحماش(١٩٨٤)، الرسوم التوضيحية ومكانتها في المعجم: مجلة (اللسان العربي)، العدد(٢٢)، الرباط - المغرب.

٢ - احمد شفيق الخطيب(١٩٨٦)، من قضايا المعجمية العربية المعاصرة، مجلة (المجمعية العربية التونسية، وقائع ندوة مائوية احمد فارس الشدياق و بطرس البستاني و زيد خارت دوزى، الطبعة الاولى، تونس.

٣- احمد مختار عمر (١٩٩٨)، صناعة المعجم الحديث، الطبعة الاولى، عالم الكتب، القاهرة.

٤- احمد محمدالمعتوق(١٩٩٦)، الحصيلة اللغوية، اهميتها، مصادرها، ووسائل تنميتها، سلسلة عالم المعرفة، المجلس الوطني للثقافة والفنون والاداب، العدد(٢١٢)، الكويت.

٥- احمد محمدالمعتوق(١٩٩٦)، المعاجم اللغوية العربية، المعاجم العامة و وظائفها، ومستوياتها واثرها في تنمية لغة الناشئة، دراسة وصفية تحليلية نقدية، المجمع الثقافي، ابو ظبي، الامارات العربية المتحدة.
٦ - احمد العايد(١٩٨٣)، معجم الاطفال الاساسي المصور الثنائي اللغة، مجلة (اللسان العربي)، العدد(٢٠)، الرباط – المغرب.
٧- ارميل لوبيكومالو(١٩٨٧)، الف كلمة في صور، ت: كاترين نوفيل رسول، دار لاروس والمؤسسة الجزائرية للصحافة، الجزائر.
٨- ابن حويلي الاخضر ميدني(٢٠٠٩)، المعجمية العربية في ضوء مناهج البحث اللساني والنظريات التربوية الحديثة، دار هومة للنشر، الجزائر.
٩- الطاهر ميلة(٢٠١٠)، مواصفات المعجم المدرسي المعاصر، مجلة (اللسانيات)، العدد(١٦)، عدد خاص عن المعج المدرسي(مادته واليات صناعته)، المنعقد في ١٠-١١يناير ٢٠٠٩، الرباط- الجزائر.
١٠- - العايب اسماء و العايب سهام(٢٠١٧)، المعاجم المدرسية واهميتها التعليمية(المعجم الوسيط – انموذجا- ) دراسة تحليلية، شهادة ماجستير، كلية الاداب واللغات، الجزائر.
١١- جورج عيسى(٢٠٠٢)، (المعرب والدخيل) في المعجم المدرسي، مجلة (التراث العربي)، العدد (٨٥)،اتحاد الكتاب العرب، دمشق.
١٢- جورج عيسى(٢٠٠٥)، في نقد المعجمي المدرسي، مجلة (التراث العربي) – اتحاد كتاب العرب/دمشق، العدد(٩٧)، السنة الرابعة والعشرون.
١٣- جوزيف الياس(٢٠٠٠)، المجاني المصور، الطبعة الاولى، دار المجاني، بيروت – لبنان.
١٤- حلام الجيلالي(١٩٩٤)، المعجم العربي الاساسي قراءة اولية في الرصيد والتعريف، مجلة (اللسان العربي)، العدد( ٣٨)، الرباط- المغرب.
١٥- حلمي خليل(١٩٩٨)، دراسات في اللغة والمعاجم، الطبعة الاولى، دار النهضة، بيروت.
١٦- خليل الجر(١٩٨٧)، لاروس المعجم العربي الحديث، مكتبة لاروس، باريس.
١٧- سه نكه ر على مامه(٢٠١٣)، صناعة المعجم بين اللغتين العربية والكردية –دراسة تقابلية في المعجمات احادية اللغة- اطروحة دكتوراه(غير منشورة)، جامعة بغداد، كلية التربية – ابن رشد-
١٨-عباس الصوري(١٩٩٨)، في الممارسة المعجمية للمتن اللغوي، مجلة (اللسان العربي)، العدد(٤٥)، الرباط – المغرب.
١٩- عبدالغني ابو العزم(١٩٩٧)، المعجم المدرسي، اسسه وتوجهاته، الطبعة الاولى، مؤسسة الغني للنشر، الرباط.
٢٠- عبدالغني ابو العزم(٢٠١٠)، وظيفة المعاجم المدرسية للتعليم الاساسي، مجلة (اللسانيات)، العدد(١٦)، عدد خاص عن المعجم المدرسي(مادته واليات صناعته)،المنعقد في ١٠-١١يناير ٢٠٠٩، الرباط- الجزائر.
٢١- د.علي القاسمي(١٩٩١)، علم اللغة وصناعة المعجم، الطبعة الثالثة، جامعة الملك سعود، الرياض- السعودية.
٢٢- د.علي القاسمي(٢٠٠١)، اختصار المعاجم اهدافه وطرائقه، دراسة في مختار الصحاح للرازي، مجلة (اللغة العربية)، مجلة نصف سنوية،العدد(٥)، يصدرها المجلس الاعلى للغة العربية، الجزائر.
٢٣- د.علي القاسمي(٢٠٠٣)، المعجمية العربية بين النظرية والتطبيق، الطبعة الاولى، مكتبة لبنان ناشرون، بيروت – لبنان.
٢٤- محمد المنسي قنديل(٢٠٠٢)، مشكلات الكتابة للطفل، مقال ضمن (ثقافة الطفل العربي)، كتاب العربي، العدد الخمسون، من صفحة (٣١-٥١)، الكويت.
٢٥- ليلى كرم الدين(٢٠٠٢)، الاسس النفسية لمجلات الاطفال، مقال ضمن (ثقافة الطفل العربي)، كتاب العربي، العدد الخمسون، من صفحة (٦٠-٧٨)، الكويت.
٢٦ -مازن المبارك(١٩٧٩)، نحو وعي لغوي، مؤسسة الرسالة _ بيروت – لبنان.
٢٧- محمد التونجي(٢٠٠٣)، معجم علوم العربية، الطبعة الاولى، دار الجيل، القاهرة.
٢٨- محمد احمد ابوالفرج(٢٠٠٩)، المعاجم اللغوية في ضودراسات علم اللغة الحديث، الطبعة الاولى، دار النهضة العربية، بيروت – لبنان.
٢٩- نجيب احمد(١٩٩١)، ادب الاطفال علم وفن، دار الفكر العربي، دمشق.

**- ماڵپەری ئەنتەرنێت:**

١- (غلاف الكتاب يجذب القراءة ويساهم في عملية التسويق www.balagh.com.
٢- مجلة اللسانيات، العدد (١٦)، اعمال الندوة الدولية حول المعجم المدرسي: مادته واليات صناعته، الجزائر يومي ١٠-١١-٢٠٠٩. (www.vitaminedz.org)

٣-حسكور ناديا، المعجم العربي بين الواقع والطموح، مجلة مجمع اللغة العربية، العدد(٧٨)، الجزء(٣) / دمشق ( www.wikpidia.org

Abstract

This study which is entitled "**The Principle and Elements of School Dictionaries**" tackles the principles, methods and general guidelines of school dictionaries. It is an attempt to guide the people who want to compose the school dictionaries. Actually dictionary is regarded as educational and pedagogical necessity and it is a way for getting the information about the vocabularies, explicating the ambiguous terms and analyzing various meanings of polysemous words.

There scarcely exist any books, researches, and articles to be beneficial for the field of lexicography and various levels of schools. If there is any, they have not been categorized according to the levels of education. Thus, these dictionaries can be used by all the students of various levels of education which is a great mistake because it is impossible to the dictionaries to disregard the students' level. This study is expected to solve these issues and it is divided into two parts: The first part is devoted to the main principles and methods of the school dictionaries, and the second part sheds light on the main guidelines required for composing the dictionaries. The study ends with the conclusions, reference list and two abstracts; one in Arabic and the other in Kurdish.